تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
کەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5764) دووشەممە 10ی حوزەیران 2019 «8» لاپەڕە «500» دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی یادی کارەساتەکانی 9ی حوزەیران:

ژمارەیەک لە ئازادیخوازانی سلێمانی ئامادە نەبوون سووکایەتی بە هێما نەتەوەییەکانیان بکەن

کارەساتی زێوە بۆ هەموو لایەکی سەلماند کە ئەوەی لە چەک و فڕۆکە و ئاگری دوژمن بەهێزترە، ئیرادەی گەلی کوردستانە



سەرۆک بارزانی بەبۆنەی یادی کارەساتەکانی 9ی حوزەیرانی ساڵی 1963ی سلێمانی و ساڵی 1985ی زێوە، پەیامێکی بڵاو کردەوە. سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاندووە: لە 9ی حوزەیرانی 1963ـدا ژمارەیەک لە ئازادیخوازانی سلێمانی ئامادە نەبوون سووکایەتی بە هێما نەتەوەییەکانیان بکەن، بۆیە بەدەستی جەللادی ئەو کات «زەعیم سدیق» شەهید کران و، بە خوێنی خۆیان وانەی ئازایەتی و خۆبەدەستەوەنەدانیان تۆمار کرد.
(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)

ژمارەیەکی زۆری میوانانی ناوخۆ و دەرەوە بەشداری لە ڕێوڕەسمەکەدا دەکەن

ئەمڕۆ ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت

سبەی مەسروور بارزانی بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەسپێردرێت



کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حزبی و حکومی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، هەروەها سیاسەتووان و کەسایەتی سیاسی و دیپلۆمات و نوێنەری وڵاتان لە عێراق و ناوچەکە، مەراسیمێکی یەکجار گەورە بۆ سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت.

بە گوێرەی زانیارییەکانیش ئامادەکارییەکان بۆ ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە شاری هەولێر کۆتاییان هاتووە و ئەو شەقامەی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرییشەوە بۆ هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا دەچێت، بە ئاڵای کوردستان و عێراق ڕازێندراوەتەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت پەیوەندیی هەولێر و بەغدا سەقامگیربکات

پەیوەندییەکی باش و سەقامگیری نێوان هەولێر و بەغدا، ئەرکێکی سەرەکیی نێچیرڤان بارزانی دەبێت لەو چوار ساڵەی دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتیش دەڵێ "ئەو ئەرکە بۆ نێچیرڤان بارزانی قورس نییە". (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر کەرکووک هەیە

ئەندامێکی شاندی دانوستانکاری پارتی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک گوتی، مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر کەرکووک هەیە و ئێستا بە هەوڵی پاڕێزگاری کەرکووک، داعش خۆی خزاندووەتە ناو دامودەزگا حکوومییەکانەوە. دەشڵێ: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی گرنگمان لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ بەغدا هەیە و ئومێد دەکەین دوایین کۆبوونەوە بێت و بگەینە ڕێککەوتن، ئەگەر نا ڕەنگە ڕێگای دیکە بگرینە بەر. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

عێراق دەوڵەتێکی نەخۆشە و ئەگەر هەیە ئەو نەخۆشییە بیکوژێت

عادل باخەوان نووسەر و ڕووناکبیری کورد ڕۆژی شەممە لە دیمەیتێکدا بەناوی "کوردستانێکی بەهێزتر لە ناوچەیەکی شڵەژاودا" لە زانکۆی سۆران ئاشکرای کرد، عێراق دەوڵەتێکی نەخۆشە و ئەم وڵاتە لە 1919ـەوە تاوەکوو ئێستا نەخۆشیی سەربەخۆیی کوردستانی هەیە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

لایەنە عێراقییەکان

نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ دیاریکردنی وەزیرانی بەرگری و ناوخۆ

بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوودا پۆستە وەزارییەکانی عێراق یەکلا بکرێنەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، تا ئێستا لایەنە عێراقییەکان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ دیارکردنی وەزیرانی بەرگری و ناوخۆ.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئەم چوارشەممەیە..

هەسارەی JUPITER دەبێتە میوانێکی گەشی ئاسمانی کوردستان

پسپۆڕان و ئارەزوومەندانی فەلەکناسی لە سەرتاپای جیهاندا لە چاوەڕوانی گەشتنی هەسارەکەمانن بە یەکێ لە خاڵە هەرە کەموێنەکان لەبۆشایی ئاسمانی نێو سیستەمی خۆردا، ئەویش بریتییە لە نزیکترین خاڵ لەنێوان خۆی و هەسارەی (موشتەری – Jupiter) ی گەورەترین هەسارەکانی نێو سیستەمی خۆر.

(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی یادی کارەساتەکانی 9ی حوزەیران:

ژمارەیەک لە ئازادیخوازانی سلێمانی ئامادە نەبوون سووکایەتی بە هێما نەتەوەییەکانیان بکەن

کارەساتی زێوە بۆ هەموو لایەکی سەلماند کە ئەوەی لە چەک و فڕۆکە و ئاگری دوژمن بەهێزترە، ئیرادەی گەلی کوردستانە



دوێنێ یەکشەممە 2019/6/9 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی یادی کارەساتەکانی 9ی حوزەیرانی ساڵی 1963ی سلێمانی و ساڵی 1985ی زێوە، پەیامێکی بڵاو کردەوە. سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاندووە: لە 9ی حوزەیرانی 1963دا ژمارەیەک لە ئازادیخوازانی سلێمانی ئامادە نەبوون سووکایەتی بە هێما نەتەوەییەکانیان بکەن، بۆیە بەدەستی جەللادی ئەو کات "زەعیم سدیق" شەهید کران و، بە خوێنی خۆیان وانەی ئازایەتی و خۆبەدەستەوەنەدانیان تۆمار کرد. ئەوەش هاتووە: هەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ لە ساڵی 1985دا فڕۆکەکانی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق دڕندانە ئۆردوگای پەنابەرانی "زێوە"یان بۆردومان کرد و لەو تاوانەدا ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و ژن و منداڵی بێ گوناح شەهید و بریندار بوون. سەرۆک بارزانی ئەوەشی خستووەتە ڕوو: دوژمن وای مەزندە کردبوو بە شەهیدکردن و ئازاردان و سووتاندنی ژن و منداڵ سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ و ئیرادەی گەلی کوردستان تێکدەشکێنێت. بەڵام کارەساتی زێوە بۆ هەموو لایەکی سەلماند کە ئەوەی لە چەک و فڕۆکە و ئاگری دوژمن بەهێزترە، ئیرادەی گەلی کوردستانە بۆ مانەوە و خەبات و تێکۆشان.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

ئەمڕۆ 9ی حوزەیران ڕۆژێکی پڕ لە کارەسات و قوربانیدانە لە مێژووی گەلەکەماندا. لە 9ی حوزەیرانی 1963دا ژمارەیەک لە ئازادیخوازانی سلێمانی ئامادە نەبوون سووکایەتی بە هێما نەتەوەییەکانیان بکەن، بۆیە بەدەستی جەللادی ئەو کات "زەعیم سدیق" شەهید کران و، بە خوێنی خۆیان وانەی ئازایەتی و خۆبەدەستەوەنەدانیان تۆمار کرد.

هەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ لە ساڵی 1985دا فڕۆکەکانی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق دڕندانە ئۆردوگای پەنابەرانی "زێوە"یان بۆردومان کرد و لەو تاوانەدا ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و ژن و منداڵی بێ گوناح شەهید و بریندار بوون.

سەرۆک بارزانی ئەوەشی خستووەتە ڕوو: دوژمن وای مەزندە کردبوو بە شەهیدکردن و ئازاردان و سووتاندنی ژن و منداڵ سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ و ئیرادەی گەلی کوردستان تێکدەشکێنێت. بەڵام کارەساتی زێوە بۆ مانەوە و خەبات و تێکۆشان، و دواجاریش ئەوە ئیرادە بەرزە بەسەر دوژمنی بێویژداندا سەرکەوت.

هەزاران سڵاو لە شەهیدانی هەردوو کارەساتی 9ی حوزەیران و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی

مسعود بارزانی
9ی حوزەیرانی 2019

شاخەوان عەبدوڵڵا:

مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر کەرکووک هەیە

لەناو دامودەزگا حکوومییەکانیش داعش هەیە



ئەندامێکی شاندی دانوستانکاری پارتی بۆ ئاسایی‌کردنەوەی دۆخی کەرکووک گوتی، مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر کەرکووک هەیە و ئێستا بە هەوڵی پاڕێزگاری کەرکووک، داعش خۆی خزاندووەتە ناو دامودەزگا حکوومییەکانەوە. دەشڵێ: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی گرنگمان لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ بەغدا هەیە و ئومێد دەکەین دوایین کۆبوونەوە بێت و بگەینە ڕێککەوتن، ئەگەر نا ڕەنگە ڕێگای دیکە بگرینە بەر.

شاخەوان عەبدوڵڵا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: کێشەکانی کەرکووک دوو بەشن، بەشێکی ئەوەی کە داعش لە ناوچەکانی باشووری کەرکووک و ناوچەکانی دیکە خۆی کۆکردووەتەوە و پێشتر لەبەر هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش نەیاندەتوانی جموجۆڵ بکەن، بەڵام ئێستا نەک تەنها لە دەوروبەری کەرکووک هەن، بگرە لەناو دامودەزگا حکوومییەکانی کەرکووکیش داعش بوونیان هەیە، کە بە هەوڵی پاڕێزگاری کەرکووک ئەو کارە کراوە، بۆیە مەترسییەکی گەورە لەسەر کەرکووک هەیە.

گوتیشی: جگە لە داعش، هێزەکانی حەشدی شەعبی لەناو کەرکووک دەستیان بە تالانکردن و دەستگرتن بەسەر مالوحاڵی کوردەکاندا کردووە. ئەو ئەندامەی شاندی دانوستانکاری پارتی بۆ ئاسایی‌کردنەوەی دۆخی کەرکووک دەشڵێ: ئێمە بەردەوامین لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ حکوومەتی عێراق بۆ ئاسایی‌کردنەوەی دۆخی کەرکووک و دواین کۆبوونەوە 21ی مانگی ڕابردوو ئەنجام درا و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتووشدا کۆبوونەوەیەکی دیکە لەسەر ئاستی باڵا ئەنجام بدرێت، بۆیە ئومێد دەکەین ئەم جارە دواین کۆبوونەوە بێت و بگەینە ئەنجامێکی کۆتایی و دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئەگەر نا ڕەنگە ڕێگای دیکە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە بگرینە بەر.

100 ساڵە عێراق نەخۆشی سەربەخۆیی کوردستانی هەیە

عادل باخەوان: عێراق دەوڵەتێکی نەخۆشە و ئەگەر هەیە ئەو نەخۆشییە بیکوژێت



عادل باخەوان نووسەر و ڕووناکبیری کورد ڕۆژی شەممە لە دیدەیتێکدا بەناوی "کوردستانێکی بەهێزتر لە ناوچەیەکی شڵەژاودا" لە زانکۆی سۆران ئاشکرای کرد، عێراق دەوڵەتێکی نەخۆشە و ئەم ولاتە لە 1919ەوە تاوەکوو ئێستا نەخۆشیی سەربەخۆیی کوردستانی هەیە.

ئەو نووسەرە کوردە ئاماژەی بەوەش کرد: 80٪ی عێراقییەکان متمانەیان بەو خزمەتگوزارییانە نییە کە دەوڵەتی عێراق پێشکەشی دەکات، و بەپێی ڕاپرسییەک کە کراوە 89٪ی عێراقییەکان بە هیچ شێوەیەک متمانەیان بە حیزبە سیاسییەکانی ولاتەکەیان نییە.

باخەوان گوتیشی: یەکێکی دیکە لە نەخۆشییەکانی عێراق پەیوەندیی نێوان ئێران و سعوودیەیە کە ئەگەر هەیە عێراق بکوژێت. ئاماژەی بەوەش کرد: نەخۆشییەکی دیکەی کوشندەی ئەم ولاتە گەندەڵییە کە زیاتر لە 300 ملیار دۆلار لەسەر عێراق کەووتووە.

دوو گەنج گیانیان لەدەستداوە

شەمۆ: ئاگرەکەی شنگال دەستێکی سیاسیی لە پشتە





نوێنەری شنگال لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ دەڵێ، لە سنووری شنگال ئاگرێکی زۆر لە گەنمی جووتیاران بەردراوە و بەو هۆیەوە نزیکەی هەزار دۆنم سووتاوە و دوو گەنجیش گیانیان لەدەستداوە.

بەرەکات شەمۆ، نوێنەری شنگال لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند، شەوی یەکشەممە بە دەستێکی نادیار، ئاگرێکی گەورە لە سنووری شنگال، هەتا سۆراخ و سنوونێ بەردراوە، هەر بەو هۆیەشەوە نزیکەی هەزار دۆنم گەنمی جوتیاران سووتاوە، ئەوەیش دەڵێ کە دوو گەنج سووتان و گیانیان لەدەستداوە.

ناوبراو ئاماژەیشی بەوە دا، کە ئەوان لە ئێستادا سەرقاڵی بردنی تەرمەکانیانن بۆ فەرمانگەی پزیشکی دادوەریی دهۆک، ئەوەش لە کاتێکدایە، کە بۆ سێ کاتژمێر ئاگرەکە بەردەوام بووە و هیچ ئامێرێکی ئاگرکوژێنەوەش بەردەست نەبووە، بۆیە لە دوای گەیشتنی ئاگر بۆ ناو ماڵەکانی گوندی بۆرەک، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی بارزان عومەر گەبۆ و سەعید شیخ سەبری، نەیانتوانی خۆیان لە ئاگر ڕزگار بکەن و گیانیان لە دەست دا. بەرەکات شەمۆ لای ڕوون نییە، کە کێ ئاگرەکەی کردووەتەوە، بەڵام گومانیشی لەوە نییە، کە دەستێکی سیاسیی لە پشت بێ، وەکخۆی گوتی، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە دەستی پێکردووە.

جەختیش لە بێتوانایی ئەو هێزانە دەکاتەوە، کە لە شنگالدان، بەو پێیەی ناتوانن شارەکە بپارێزن، ناوچەکەش بە بێ خاوەن ناو دەبات، کە حکوومەتی عێراق هیچ خەمێکی لێ ناخوات.

دوێنێش بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرگری شارستانیی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، ژمارەی ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوەکان لە دەغڵودانی جوتیاران، گەیشتووەتە 272 ئاگرکەوتنەوە. لە بەیاننامەکەشیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لە ڕێککەوتی 2019/5/8 دەغڵودانی جوتیاران و گەنم و جۆ و پوش و پاوان و ڕەز و باخی هاووڵاتیان لە چەند پارێزگایەکی عێراق سووتاوە، کە ژمارەیەکیان بە ئەنقەست سووتێندراون.

ئەوەش لە کاتێکدایە، زۆرترین ڕووبەری دەغڵودانی جووتیارانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان سووتێندراون و جووتیارانی کورد پێیانوایە عەرەبی هاوردە و شۆڤێنی و توندڕەوەکان بە ئەنقەست، گەنم و جۆ و دانەوێڵە و ڕەز و باخەکانیان دەسووتێنن، بۆ ئەوەی خاکی باب و باپیرانیان چۆڵ بکەن.

لایەنە عێراقییەکان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ دیاریکردنی وەزیرانی بەرگری و ناوخۆ

بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوودا پۆستە وەزارییەکانی عێراق یەکلا بکرێنەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، تا ئێستا لایەنە عێراقییەکان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ دیارکردنی وەزیرانی بەرگری و ناوخۆ. دکتۆر ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: فشارێکی زۆر هەیە بۆ تەواوکردنی کابینەی حکوومەتی فیدراڵ، لەبەر ئەوەش بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوو پێ بکرێنەوە، کە هێشتا پۆستەکانیان بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، بێگومان پڕکردنەوەی چوار وەزارەتی حکوومەت زەروورە، چونکە ڕەوشی عێراق بەرگەی ئەوە ناگرێت چوار وەزارەتی گرینگی حکوومەت پڕ نەکرێنەوە. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گوتیشی: لە ماوەکانی ڕابردوودا ڕەوشی ئەمنیی عێراق بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر چووە، بە تایبەتی داعش سەری هەڵداوەتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە وەزارەتەکان پڕ بکرێنەوە، بە تایبەتی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری، کە وا دەخوازێ سائیروون و فەتح خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆ دانانی وەزیرەکان، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هەردوو لایەنی سەرەکیی عێراق نەگەیشتوونەتە هیچ ڕێککەوتنێک.

لەبارەی پڕکردنەوەی پۆستەکان بە وەکالەت، دکتۆر ڤیان سەبری دەڵێت: ئەو قسەیە لە شەقامی عێراقی و هەتا لەنێو پەرلەمانیشدا هەیە، کە پرسی بەڕێوەبردنی وەزارەتەکان بە وەکالەت ڕەت بکرێتەوە، زۆر زەحمەتە سەرۆکوەزیرانی عێراق بتوانێ سەرۆکوەزیر بێت و لە هەمان کاتدا دوو وەزارەتی دیکەی گرینگ بەڕێوە ببات.

چیتر موقتەدا سەدر بەشداری نوێژی هەینی نابێت

ساڵح محەممەد بۆ «خەبات»: موقتەدا سەدر نایەوێت پیرۆز بکرێت بۆیە ئەم بڕیارەی داوە

خەبات- مەریوان نەقشبەندی:

بەهۆی هەڵسوکەوتی هەندێ لەلایەنگرانی لەکاتی تەواوبوونی نوێژ و وتاری هەینی ڕابردوو لەشاری کوفە، موقتەدا سەدر کەسایەتی شیعەی ناسراوی عێراق و ڕابەری ڕەوتی سەدر کە خاوەنی زۆرترین کورسی پەرلەمانییە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بڕیاریدا بەشداری لەهیچ وتار و نوێژێکی هەینی لەناو لایەنگرانیدا نەکات. لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ساڵح مەحەمەد عێراقی کەسایەتی نزیک لەموقتەدا سەدر ڕایگەیاند ئەم بڕیارەی موقتەدا سەدر دوای بڵاوبوونەوەی چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی هات لەدوای تەواوبوونی وتار و نوێژی هەینی لەمزگەوتێکی لایەنگرانی سەدر لە کوفە، کە تیایدا لایەنگرانی موقتەدا سەدر سێلفی لەگەڵ مینبەر و ئەو تەختەیە دەگرن و ماچی دەکەن کە موقتەدا سەدر لەسەری ڕاوەستابوو وتاری دەدا. بەپێی ئەم کەسایەتیە نزیکەی موقتەدا سەدر، ئەمە نیگەرانی زۆری لەلای موقتەدا سەدر دروست کردووە و بڕیاریداوە چیتر بەشداری نوێژ و وتاری هەینی لەناو جەماوەری سەدرییەکان نەکات و بۆ خۆدەربازکردنیش لەلایەنی شەرعی بڕیاریداوە هەموو ڕۆژانێکی هەینی سەفەر بکات بۆ ئەوەی وتاری هەینی لەسەر سوننەت نەبێت. لەدرێژەی لێدوانەکەشیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی کەبەبەشێک لەلایەنگرانی سەدر لەمزگەوتی کوفە دوای نوێژی هەینی ئەنجامیاندا دەچێتە چوارچێوەی نەزانین و دورکەوتنەوە لەبەها ئەخلاقی و شەرعییەکانی ئیسلام و موقتەدا سەدر نایەوێت پیرۆز بکرێت، بۆیە ئەم بڕیارەی داوە.

ژمارەیەکی زۆری میوانانی ناوخۆ و دەرەوە بەشداری لە رێوڕەسمەکەدا دەکەن

ئەمڕۆ رێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت

سبەی مەسروور بارزانی بۆ سەرۆکی حکوومەت ڕادەسپێردرێت



کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە 2019/6/10 بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حزبی و حکومی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، هەروەها سیاسەتووان و کەسایەتی سیاسی و دیپلۆمات و نوێنەری وڵاتان لە عێراق و ناوچەکە، مەراسیمێکی یەکجار گەورە بۆ سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت. بە گوێرەی زانیارییەکانیش ئامادەکارییەکان بۆ ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە شاری هەولێر کۆتاییان هاتووە و ئەو شەقامەی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێریشەوە بۆ هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا دەچێت، بە ئاڵای کوردستان و عێراق ڕازێندراوەتەوە.

لەم بارەیەوە گوتەبێژی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان باسی وردەکاریی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێ، جگە لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق، خەڵکی دیکە لە ناوەوە و دەرەوە بانگهێشت کراون و یەکێتیش بەشداری لە ڕێوڕەسمەکەدا دەکات. پێشەوا هەورامی، گوتەبێژی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئەمڕۆ دووشەممە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا بەڕێوە دەچێت و هاوشێوەی دانیشتنێکی پەرلەمان دەبێت، بەڵام بەهۆی بچووکیی هۆڵی پەرلەمان، ڕێوڕەسمەکە لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا بەڕێوە دەچێت و هەموو ئامادەکارییەکی بۆ کراوە و ڕێوڕەسمەکەش لە وادەی خۆیدا بەڕێوە دەچێت. گوتیشی: هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و چەندین خەڵکی دیکە لە ناوەوە و دەرەوە بانگهێشت کراون و فراکسیۆنەکانیش سەریشکن لەوەی بەشداری بکەن و شاندێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بەشداری دەکات. هەورامی باسی لەوەش کرد: ئەوەی ئەمڕۆ تەنیا سوێندخواردن دەبێت و ڕۆژی دواتر مەسروور بارزانی بۆ سەرۆکی حکوومەت ڕادەسپێردرێت بۆ ئەوەی کابینەی نوێ لە ماوەی یەک مانگدا پێکبێنێت.

هەروەها نەجات شەعبان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاندووە: پێشووترین کۆبوونەوەی پەرلەمان لە هەڵبجەش کراوە دوای کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆش کۆبوونەوەی پەرلەمان بەکراوەیی دەمێنێتەوە و ڕۆژی سێشەممەش فراکسیۆنی پارتی ناوی بەڕێز مەسروور بارزانی دەدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە بۆ بەرنامەی کار و پەرلەمانیش ڕاسپاردەی سەرۆکی هەرێم بۆ بەربژێری سەرۆکی حکوومەت بڵاو دەکاتەوە.

هەر لە مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستاندا، جگە لە فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕێککەوتی گشتیی و شاندێکی باڵای بزووتنەوەکەش بەشداری دەکەن. لەمبارەیەوە جەلال محەمەد ئەمین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان ڕایگەیاندووە، جگە لە فراکسیۆنەکەیان، بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی باڵا بانگهێشتکراوە و "لە ئاستی کەسی یەکەمدا بەشداریی ڕێوڕەسمەکە دەکەن. بەپێی زانیارییەکانیش، ژمارەیەک لە ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان، یاوەریی عومەری سەید عەلی، ڕێککەوتی گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان دەکەن لە مەراسیمەکەدا.

لەلایەکی دیکەشەوە دوێنێ یەکشەممە دوای کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی حزبەکەی، لەتیف شێخ عومەر، گوتەبێژی فەرمیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگهێشتێکی فەرمیی ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کردووە. لەتیف شێخ عومەر هەروەها ڕایگەیاند، کە شاندێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بەشداریی ڕێوڕەسمەکە دەکات. بەشداریکردنی یەکێتی لەو ڕێوڕەسمە دوای ئەوە دێت، کە فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بەشداریی پڕۆسەی دەنگدانی بۆ هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەکرد.

جێی باسە بەگوێرەی نووسراوێکی فەرمی کە واژۆی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆک و سکرتێری پەرلەمانی کوردستانی لەسەرە ئاماژە بەوەکراوە "بەپێی حوکمی بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) لە ماددەی 16 و بڕگەی سێیەم لە ماددەی 18 و ماددەکانی (47، 52،48 ،55 ،56 ،57) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 7ی ئاسایی خولی بەهاری ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان، کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە 2019/6/10 بەڕیوە بچێت".

هەر لە نووسراوەکەدا کارنامەی دانیشتنەکە بەم شێوەیە ڕوونکراوەتەوە کە تایبەتە بە سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

یەکەم - ڕێکارەکانی تایبەت بە سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق.

1- دەقیقەیەک وەستان و ڕێزنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ سروودی نیشتمانی عێراقی و مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب.

دووەم- خوێندنەوەی بڕیاری ژمارە 6ی ساڵی 2019 تایبەت بە هەڵبژاردنی ڕێزدار نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق.

3- سوێندخواردنی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی).

4- پێشکەشکردنی وتاری بەشێک لە ئاماژەبووان بەو بۆنەیەوە.

5-وتەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی).

دووەم، ناونانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق، بەپێی بڕگەی 3 لە ماددەی 56 لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.

شایەنی باسە لە دوای هەڵبژاردنی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە سەرۆکی وڵاتان و کەسایەتیی سیاسی و دیپلۆمات لەسەر ئاستی وڵاتانی بیانی و عێراقی، کەسایەتیی سیاسی و ڕۆشنبیری و حزبی و حکومی لە کوردستان، وێڕای پیرۆزبایییان لە نێچیرڤان بارزانی، هاوکات لە پەیامەکانیاندا هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست، هاوکات پێیانوایە لەو پۆستەدا دەتوانێت بایەخ بە پرسی پێکەوەژیان و چارەسەری کێشەکان بدات لە ڕێگەی دیپلۆماسییەت و درێژەدان بە سیاسەتی سەرۆک بارزانی بۆ چارەسەری سەرجەم کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

جەعفەر ئیمینکی: نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت پەیوەندیی هەولێر و بەغدا سەقامگیربکات

مەزهەر ساڵح: نێچیرڤان و عەبدولمەهدی ڕێگەیەک دەکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە هەڵواسراوەکان



رووداو/ پەیوەندییەکی باش و سەقامگیری نێوان هەولێر و بەغدا، ئەرکێکی سەرەکیی نێچیرڤان بارزانی دەبێت لەو چوار ساڵەی دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتیش دەڵێ "ئەو ئەرکە بۆ نێچیرڤان بارزانی قورس نییە".

جەعفەر ئیمینکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێ: کاک نێچیرڤان دەبێتە فاکتەری پشتیوانی لەو ڕەوشەی لە بەغدا هەیە بۆ ئەوەی بەردەو جێگیربوونێکی تەواو بچێت، بەڵام هەمووی بەدەست ئێمە نییە و ڕەوشی هەرێمیش کاریگەریی دەبێت.

ئەگەر ڕەوشەکە هەمووی بەدەستی ئێمە بێت و پێکدادان لەنێوان ئەمەریکا و ئێران دووبارەکەوێتەوە لە ناوچەکە، دڵنیام کاک نێچیرڤان فاکتەری بەهێزکردنی پەیوەندییەکان دەبێت لەگەڵ بەغدا، واتا چوار ساڵی ئایندە چوار ساڵی سەقامگیر و مژدەبەخش دەبن بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

سەرۆکوەزیرانی عێراق گەشبینە بەوەی، لە سەردەمی هەردوو بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و عادل عەبدولمەهدیدا زۆر لەو کێشانە چارەسەرکردنیان زەحمەت نابێت.

مەزهەر ساڵح، ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات: سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، هەردووکیان هەڵگری هزری سیاسیی قوولن... بە بڕوای من ئەم کاتە ناودەنێم: ساتێکی میژوویی بە ئامادەبوونی ئەم سەرکردانە.

نێچیرڤان بارزانی و عادل عەبدولمەهدی ڕێگەیەک دەکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە هەڵواسراوەکان بە بوونی دەستوور".

هەروەها ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: پێموابێت یەکەم هەنگاو ئەوەیە دانیایی بداتە هەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان دڵنیابکاتەوە، کە ئەو بەپێی بەرژەوەندی گشتی و بە گشتی بۆ خەڵکی کوردستان کارەکات، نەوەک بەرژەوەندی تایبەت یان حیزبی یان بۆچوونی حیزبی. ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن هەیە، ئێستا کۆمەڵێک گرفت هەن، کە پێویستیان بە چارەسەرکردنە، کێشە لەنێوان یەکێتی و پارتی هەن کە پێویستییان بە چارەسەرکردنە".

قسەکەرە سەرەکییەکانی پانێڵی "نێچیرڤان بارزانی و ئایندەی چوار ساڵی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان"، کە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو ڕێکیخستبوو، کۆڕ بوون لەسەر ئەوەی: پەیوەندییەکانی هەولێر لەگەڵ وڵاتانی دنیا لە چوار ساڵی داهاتوودا پەیوەندیی باش و کەم کێشە دەبن، لە پێش هەموانەوە پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق، دەچنە قۆناخێکی دیکەوە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق هۆشداریی دەداتە سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە



د. بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە پەیجی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووک) رایگەیاندووە، ئەو کەسانەی دەغڵودانی جووتیارانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەسووتێنن "ناحەزانی کوردن و نایانەوێت ئەو ناوچانە ئارام و سەقامگیر بن."

بەشیر حەداد هەروەها رایگەیاندووە، کە تا ئێستا دوو جار عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراقی لە مەترسیی ئەو بارودۆخە ئاگادار کردووەتەوە و پێیراگەیاندووە، "پێویستە بە زووترین کات دۆخەکە چارەسەر بکرێت، چونکە بەردەوام پەرە دەسەنێت و ئەگەر چارەسەر نەکرێت ناوچەکانی دیکەش دەگرێتەوە." جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوەش کردوە، کە عادل عەبدولمەهدی رۆژی دووشەممە 2019/6/10 سەردانی هەولێر دەکات بە مەبەستی بەشداریکردن لە رێوڕەسمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و "لەوێش جارێکی دیکە ئاگاداری دەکەینەوە."

ژاپۆن.. کۆبوونەوەی گرووپی 20 کۆتاییهات

مەترسییەکانی بازرگانی و جیۆپۆلتیک زیادیان کردووە



وەزیرانی دارایی و بەرپرسانی بانکی ناوەندی گرووپی 20 وڵاتانی پێشکەوتووی ئابووری جیهان ڕۆژی یەکشەممە لە ژاپۆن، لەگەڵ بەڵێنەکانیان بۆ بەکارهێنانی هەموو ڕێبازێکی کە بتوانن گەشەسەندنەکانی جیهانی پێ بپارێزن، کۆتاییان بە کۆبوونەوەکەیان هێنا. بەگوێرەی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، ڕێبەرانی دارایی گرووپی 20 لە یاداشتێکی هاوبەشدا ڕایانگەیاندووە، مەترسییەکانی بازرگانی و جیۆپۆلتیک زیادیان کردووە، بەڵام ئەوان بە ڕوونی ئاماژەیان بە شەڕی باجی گومرگ نەکردووە لە نێوان ئەمەریکا و چین، هەرچەندە هەندێک لەو ڕێبەرانەی کە ئاماژەی کۆبوونەوەکە بوون بە نیگەرانیی سەرەکی ناودێریان کرد. لە یاداشتەکەدا ئەوەش هاتووە: ئێمە بەردەوام دەبین لە چارەسەرکردنی ئەم مەترسییانە و ئامادەین بۆ هەنگاوەکانی دهاتوومان، ئێمە بەڵێنەکانمان دووپات دەکەینەوە بۆ بەکارهێنانی هەموو ڕێبازێکی پێویست بۆ گەشەسەندنێکی بەهێز، بەردەوام، هاوسەنگ و گشتگیر.

لەوکاتەوەی ئەم گرووپە لە ساڵی 1999 وە دامەزراوە، کە ئەمە یەکەم جارە ژاپۆن، کە سێیەمین گەورەترین ئابوری جیهانی هەیە، میواندارێتی کۆبونەوەی گروپەکە دەکات.

گروپی 20 بریتین لەم وڵاتانە: ئەرجەنتین، ئوستراڵیا، بەرازیل، کەنەدا، چین، فەرەنسا، ئەڵمانیا، هندستان، ئیندۆنسیا، ژاپۆن، کۆریای باشور، مەکسیک، ڕوسیا، عەرەبستانی سعودیە، ئافریکای باشور، تورکیا، بەریتانیا، وڵاتیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا.

فەڕەنسا.. بۆ 30ەمین هەفتە خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان درێژەی هەیە



لە فەڕەنسا ئێلەگ زەردەکان لە 30ەمین هەفتەی خۆپیشاندانەکانیاندا بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی سیاسەتەکانی حکوومەتی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرلەنوێ ڕژانەوە سەر شەقامەکان. خۆپیشاندانەکانی ئێلەگ زەردەکان کە وەک کاردانەوە لەبەرامبەر زیادکردنی نرخی سووتەمەنی و دۆخی نالەباری ئابووریی دەستیانپێکرد و دواتر بۆ خۆپیشاندانی دژی حکوومەتی ماکرۆن گۆڕان، لە هەفتەی 30ەمیندا لە ڕێوشوێنی ئەمنیی تووندا درێژەیان هەبوو. خۆپیشاندەران لە گەڕەکی ساینت دێنیسەوە تا بۆبیگنی ڕێپێوانیان کرد و بەرد و شووشەیان گرتە پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان بە گازی فرمێسکڕێژ وەڵامیان دانەوە. هێزەکانی پۆلیس ڕێگرییان کرد لەوەی خۆپیشاندەران بچنە هەریەک لە شەقامی شانزلیزێ، بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی و دەروروبەری کلێسای نۆتردام کە ڕۆژی 15ی نیسان ئاگری گرت. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی ناوخۆی فەڕەنسا 10 هەزار و 300 کەس لە سەرانسەری وڵاتدا بەشداربیان لە خۆپیشاندانەکاندا کردووە و لەبەرامبەردا ئێلەگ زەردەکان دەڵێن ژمارەکە 19 هەزار و 654 کەسە.

ڕاگەیەندراوێک لە بەشی کاروباری یاساییی دیوانی پەرلەمانی کوردستانەوە


سەبارەت بەو هەواڵە ناڕاست و بێ بنەماو چەواشەکارییانەی کە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2019/6/8 لە ژمارەیەک مالپەڕو ڕۆژنامە، لەسەر بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بلاوکراوەتەوە، دیوانی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی بەشی کاروباری یاساییی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ڕێکارە یاساییەکان بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە دەکات و بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش مافی تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لەسەریان هەیە.

لێرەشەوە ڕایدەگەیەنین پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای شەفافییەت دەرگای بۆ سەرجەم میدیاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کراوەیە بۆ زانینی ڕاستی و دروستیی تەواوی بابەتەکان.

بەشی کاروباری یاساییی پەرلەمانی کوردستان
2019/8/9

لاوێکی سەقز بە هۆی لەبەرکردنی جلی نەخشێندراو بە ئاڵای کوردستان حوکمی بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا

ڕێککخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایدەگەیەنێت لاویکی خەڵکی سەقز کە بەهاری ئەمساڵ دەستبەسەر کرابوو، لەلایەن دەزگای دادوەریی حکومەتی ئێران حوکمی بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا. ڕێککخراوی هەنگاو دەشڵێت ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لەلایەن دادگای شۆرشی شاری سەقز حوکمی سێ مانگ بەندکرانی بەسەر لاوێکی خەڵکی ئەو شارەی بە ناوی میلاد فازڵپوور، سەپاند. ڕاشیدەگەیێنێت، ئەو حوکمە لەلایەن دادگای شۆرشی سەقزەوە بە هۆی لەبەر کردنی جلی نەخشێندراو بە ئاڵای کوردستان، بەسەر ئەو هاووڵاتییەدا سەپێندراوە. میلاد فازڵپوور، کوری محەمەد و دانیشتووی ئاوایی مەلقەڕەنی سەر بە شاری سەقزە، ناوبراو لە کاتی ڕێوڕەسمی نەوڕۆز دەستبەسەر و بە دانانی بارمتە ئازاد کرابوو.



هێزە ئەمنیەکانی ئێران هەڵمەتێکی فراوانی دەستگیرکردن و داخستنی فرۆشگەکانی دەستپێکردووە



خەبات - مەریوان نەقشبەندی: ئاژانسەکانی هەواڵ ڕایانگەیاند کەوا بەبیانووی پاریزگاریی لەئادابی ئیسلامی دەوڵەت، هەڵمەتێکی فراوانی دەستگیرکردن و داخستنی فرۆشگە و قاوەخانە و سەنتەرەکان لەسەرتاسەری ئێران دەستپێکردووە و بە دەیان کەس لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا دەستگیرکراون و بە سەدان فرۆشگە و سەنتەر و قاوەخانەش داخراون و بەسەدانی تریش غەرامەکراون و ئاگادارکراونەتەوە. ئاژانسی فرانس پریس بلاوی کردۆتەوە کەوا ئەم هەڵمەتە دەستگیرکردنی چەندین خاوەن فرۆشگای کەلوپەل و جلوبەرگی ئافرەتانی گرتۆتەوە و چەندین ئافرەتیش دەستگیرکراون بەهۆی ئەوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامیان لەپۆشینی جلوبەرگی حیجاب و جوانکاری شکاندوە و ئەمەش مەترسی لەلای دەسەڵاتدارانی ئێران دروست کردووە کە ئەم یاسا شکێنیە لەمەسەلەی نەریت و بەها ئیسلامیەکان پەیوەندی بەگوشارەکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران هەبێت و ئاژانسی هەواڵی ڕێیترزیش ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە لەزانکۆکانی تاران ناڕەزایی بەرچاو دەرکەوتووە لەسەر ناچارکردنی ئافرەتان بەپۆشینی حیجابی ئیسلامی و هەتا ئێستاش ناڕەزاییەکان بەردەوامن. لەلای خۆیەوە حوسێن ڕەحیمی بەڕێوەبەری پۆلیسی تارانی پایتەختی ئێران ئەم هەواڵانەی پشتڕاست کردەوە و لەلێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاندووە، بەهۆی نەگونجانی نەریت و شکاندنی ئادابی گشتی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لەماوەی 10 ڕۆژی ڕابردوودا هەڵمەتێکی فراوانمان بۆ داخستنی فرۆشگە و قەدەغەکردنی چالاکی بازرگانی کەلوپەل و فرۆشتنی جلوبەرگی ئافرەتانەی نەگونجاو 547 فرۆشگە و چێشتخانە و قاوەخانەیان داخستووە و 11 کەسیشیان لەهەردوو ڕەگەز دەستگیرکردووە.

ڕاگەیاندنی پارتی

بۆ کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس نەجات حەمید ئەحمەد پرسەنامەیەکی ڕاگەیاند

پرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (نەجات حەمید ئەحمەد):

بەڕێزان خانەوادەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (نەجات حەمید)

بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس(نەجات حەمید ئەحمەد) مان بیست، بەو بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ڕاستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵەکەتان و سەرجەم هەڤاڵان و هاوکارانی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

هەڤاڵ (نەجات حەمید ئەحمەد) کەسایەتیەکی شارەزا و بەتوانای بواری ڕۆشنبیریی بوو، لەڕێی بەرهەم و نووسین و چاپکراوەکانی خزمەتێکی بەرچاوی کولتوور و ڕۆشنبیریی کوردی کردووە، ماوەیەکی زۆر سەرپەرشتیاری هەفتەنامەی (هزر و هونەر) و دواتریش بەرپرسی لاپەڕەی هزر و هونەر بوو لە ڕۆژنامەی (خەبات).

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای خوالێخۆشبووش بەهەشتی بەرین بێت...

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019\6\8

هەڵۆ بەرزنجەیی باس لە وتارێکی ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بۆ «خەبات» دەکات بە ناونیشانی خزمەتکردن لە سایەی قەڵای کوردان دا

زۆربەی هەرە زۆری ئەڵمانەکان لە ڕێی کتێبەکەی کارل مای کوردیان ناسیوە

لێبووردەیی بۆ ئایین و کەمینە ئیتنیکییەکان خەسڵەتێکی دیاری هەولێرییەکانە

خەبات-ساسان دەرویش:

لە دوای بڵاوبوونەوەی وتارێک لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا بەناوی "دێرتاگە شپیگڵی" و بە ناونیشانی "خزمەتکردن لە سایەی قەڵای کوردان دا" لە لایەن نووسەرێکی ئەڵمانی کە باسێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا لە نێو کۆمەڵگەی ئەڵمانیا کە زۆر بە جوانی و ئەرێنی باس لە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان و قەڵا میژوویی و دێرینەکەی و کۆنسوڵخانەی ئەڵمانیا دەکات لەو شارە ڕەنگینەی باشووری کوردستان، بەپشتبەستن لە بەشێکی کتێبی بەنێوبانگی "کارل مای" کە لەسەدا نەوەدی ئەڵمانی و ئەوروپییەکان لەم دەروازەیەوە کورد دەناسن. بۆ ئەم مەبەستەش هەڵۆ بەرزنجەیی نووسەر و کەسایەتی کورد و نەتەوەیی سالانێکی زۆرە لە ئەڵمانیا نیشتەجیە و ئەزموونێکی فرە دەوڵەمەندی لە کاری نووسین و میژوویی کورد هەیە و جێگە دەستی دیارە لە نێو کتێبخانەی کوردی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەم بارەیەوە بۆ ڕۆژنامەی خەبات دوا:



پرسی کورد زۆر چۆتە پێش

سەرەتا هەڵۆ بەرزنجەیی باسی لە گرنگیی ئەم وتارە کرد بۆ ئێستاو پرسی کورد و گوتی: سەبارەت بەو وتارەش، هەڵبەت پرسی کورد زۆر زیاتر لەوەو چۆتە پێشێ، چاوەڕوانی وتاری ڕۆژنامەنووسێک بیت بیناسێنی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەرەکە بەباری ئەرێنی و نەرێنییدا ئاگاداری ئەو باسانە بین کە پەیوەستن بە میللەتەکەمانەوە، ئەم وتارەش یەکێکە لەوانە لە پەراوێزی باسی کۆنسڵخانە و کونسوڵی نوێی ئەڵمانی لە هەولێر و قەڵا و پێشکەوتنەکانی دەکات، لەسەر داخوازیی تۆی ڕۆژنامەنووسی بە توانا و بەپەرۆش بۆ دۆزینی کورد و پرسە نەتەوەییەکان پوختەیەکم کردە کوردی و لەم دیمانەیەدا بۆتان دەخەمەڕوو.

کەسێتی کارل مای و کتێبەکەی

پاشان هەڵۆ بەرزنجەیی، کارل مای پێ ناساندین کە بەشێکی وتارەکە پشتی بەکتێبەکەی ناوبراو بەستووە و گوتی: کارل مای 1842-1912 گەورەترین و بەناوبانگترین نووسەری ئەڵمانە و نزیکەی 200 ملیۆن دانەی بەرهەمەکانی چاپکراون و لەوانە 100 ملیۆنی لەناو ئەڵمانیاو ئەوی تری بەو زمانانەی کە بەرهەمەکانی بۆ وەرگێڕدراون، بەرهەمەکانیشی لە شێوەی گێڕانەوەی گەشتنامەدان و پڕن لە خەیاڵ و فەنتازیا بە نێو کوردستان لە ساڵی 1881 نووسیوە، کەم ئەڵمان هەیە ئەم بەرهەمەی نەخوێندبێتەوە، باشترە بڵێم زۆرینەیەکی هەرە زۆری ئەڵمان لە ڕێی ئەم کتێبەوە کوردیان ناسیوە، دیارە لە ئێستادا بەرهەمی تری لەسەر کورد بەزمانی ئەڵمانی هەیە، لێ کارەکەی کارل مای بەدیارترینیان دادەنرێت، پێموایە لەم چەند ساڵەی دواییدا کرابێتە کوردیش، نووسەر خۆی کوردستانی نەدیوەو لە ڕێی خەڵکەوە بۆیان باس کردووە، ئەو گێڕانەوەیەی کردووە بە کتێب. لە کۆتاییشدا هەڵۆ بەرزنجەیی لەبەر گرنگی وتارەکەی ڕۆژنامەکەی ئەڵمانیا، پوختەیەکی وتارەکەی بۆ خستینە ڕوو:

خزمەتکردن لە سایەی قەڵای کوردان دا

نووسینی: Von Gerd Appenzeller

Barbara Wolf باربارا ڤۆلڤ کاتێ جانتای پێچایەوە بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە کوردستان و پایتەختەکەی شاری هەولێر، هاوڕێیەکی کتێبەکەی Karl May کارل مای بە Durch Wilde Kurdistan بەنێو کوردستانی درندەدا، پێشکەش کرد. کارل مای ئەم کتێبەی لە 1892دا نووسیوە بە خەیاڵێکی فەنتازیانەوە، دەنا خۆی کوردستانی نەبینیوە. لە بەندی 3دا ناونیشانی "لەناو قەڵای" لەخۆ گرتووە. بەڵێ لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستان لە باکووری عێراق، قەڵایەکی دڵڕفێن هەیە. کاتێ باربارا ڤۆلڤ لە مانگی تەموزی 2018دا بۆ گرتنە ئەستۆی کارەکەی گەیشتە فڕۆکەخانەی هەولێر، کتێبەکەی کارل مای خوێندبۆوە. یەکەم کاری گەشتێک بوو، بۆ قەڵای هەولێر، زۆر بووە جێی سەرنجی و بەدڵی بوو. باکووری عێراق بە شاری هەولێریشەوە دەکەونە هیلال الخصیب. ئەمە دەڤەرێکە لە باکووری میسرەوە بەسەر نیوەدوورگەی عەرەبی و باکووری سوریاوە تا کەنداوی فارس دردێژ دەبێتەوە.

بەپێی ڕاووبۆچوونی زانایان ئەم دەڤەرە بە هۆی گۆڕانی کەشوهەواوە لەمەودای هەزاران ساڵ دا، کولتوورێکی بەرزی کۆچەری تێدا سەری هەڵداوە. بەدرێژایی دیجلە و فورات پاشماوە و شوێنەوارەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ شارستانێتییەکانی میژووی مرۆڤایەتی زوو، وەک بابلییەکان، نەینەوا و ئوروک. هەولێر نزیکەی 8000 هەزار ساڵە ناوەدانە. ئەمە لەبیرەوەی 250 نەوە دایە. هەولێر و قەڵاکەی ئێستاش خەڵکی تێدا دەژین. ئایا پیاو هەست بەم بەردەوامییە دەکات، خەڵکانی ئەمڕۆ دەمانبزوێنن؟ ئایا لێرەدا هەمان ئەبەدێتی هەیە، کە مرۆ وەرس دەکات، کاتێ لە قەڵاکەوە تەماشای شارەکە دەکەیت؟.



باربارا لەدایکبووی ساڵی 1962ـەو لەساڵانی 1992 تا 1995 کاری بۆ سیاسەتی ئاسایشی ئەوروپا کردووە لە بروکسل، بەتایبەت بۆ کاروباری بەرفراوانکردنی ئەورووپا لە ڕۆژهەڵاتەوە. دواتر لە نوێنەرایەتی ئەڵمانیا لە ڤیلنوس. پاشان لە 2009 تا 2015 کاروباری باکووری ئەفەریقا. 1990 تا 1992 لە سەفارەتی ئەڵمانی لە ئەردەن تا داگیرکردنی کویت لەلایەن عێراقەوە. دواتر دوای 20 ساڵ گەڕایەوە. 2012 تا 2015 بەڕێوەبەری نووسینگەی ئەڵمانی لای فەلەستینییەکان لە ڕامەڵا. ئێستاش وەک کونسوڵ لەهەولێر. دوای ڕووخانی سەدام ئەمەریکا و بەریتانیای مەزن و تورکیا ناوچەی دژە فرینیان دامەزراند. سیاسەتی دەڵاتانی جیابوونەوەی دێفاکتۆیی لەعێراق، وای کرد گەشەیەکی ئابووری بەرچاو دروست بێت، کە پەڕیوە بۆ ئەودیو سنووەرەکانی تورکیاش و بارزگانی بەڕوی سووریادا کرایەوە. بوونی نەوت و گازی زۆر لەدەڤەرەکە بناخەی ئابووریی مستۆگەرکردووە. ڕەنگە پیشەسازی پتروکیمیاوی بێتە هۆی قەڵمبازێک. بەهۆی کەمی مەرج و داواکاری دەوڵەتی، نەبوونی گەندەڵییەوە، زۆر لایەنی بەرهەمهێنی بێگانە/سەرمایەگوزاریی ڕاکێشاوە بۆ کارکردن. لە فڕۆکەخانەی هەولێر لوفتهانزە و هێلی ئاسمانی ئوستراليا و تورکی تا پێش ماوەیەک گەرمانیاش دەنیشتنەوە. گەڵێ کوردی لێرەدا لە ئەڵمانیا و سویسرا دەژین، لەوێ خزم و کەسوکاریان هەیە و پەیوەندییان بە وڵاتەوە هەیە. ئەم دەڤەرە لەنێوان سێکوچکەی دەوڵەتانی سوریا و تورکیا و ئێران دا و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا دایە. کاتێ سێپتەمبەری 2017 سەرباری قەدەغەی دادگای باڵای عێراقی، ڕیفەراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام درا. لەوێ زیاتر لە 92% دەنگ بۆ سەربەخۆیی درا. نەتەوە یەکگرتووەکان بەتێکڕای دەنگ دژی ئەم ڕاگەیاندن و هەڵوێستە بوون. ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوە دەترسان ناوچەکە بەرەو نائارامی و ناسەقامگیری تەواو بڕوات و داعشی تێدا بەهێز بێت. ئایا هێشتا ناوچە هەیە لەنێوان نفوزی هەردوو هێزی عێراقی، کەلێردا هەست بە بۆشاییەکی دەسەلات دەکرێ، ئەمە ڕوون نییە. کوردستان هێشتا خاوەنی سەد هەزار هێزی چەکدارە و سوپای عێراق ناتوانێ بێتە ناوچە کوردییەکانەوە. لە ڕاستیدا، گەشتوونەتە ڕێکەوتن و سازانێک، کە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا ئامادە بە ڕێزگرتن لە سەروەری خاکی عێراق بەتەواوی دەکات، دەسەلاتی هەرێمیش ئەمەی قبوڵە، بەڵام لە پلەیەکی بەرزی دەسەلاتی ئۆتۆنۆمیدا دەژی.

بەشێوەیەکی ئوسوولی باربارا سەرەتا دەبێت بچێتە بەغدا و لەلایەن وەزیری دەرەوەی عێراقەوە پێشوازی لێ دەکرێ ئەوجا دێتە هەولێر. ژیانی ئاسایش و ماوەی نێوان کارومالی زامنە لێرەش هەموو شت وەک بەغدا لەژێر چاودێری دایە و پۆلیسی ئەڵمانی بەرپرسی لایەنی ئاسایشی لەئەستۆیە و هاتوچۆ بە ئوتومبێلی تایبەتییە. ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و هەنگاریا و چین لێرە نوێنەرایەتییان هەیە. ئەمەریکا و ئەڵمانیا لەم دواییەدا لەبەر هۆکاری ئاسایشی کاروبارەکانیان کەمکردۆتەوە.

ساڵی 2017 نەتەوە یەکگرتووەکان نوسینگەی خۆی لێرە کردۆتەوەکە بەهۆی ئاوارە و پەنابەری شەڕی داعشەوە لە 800000 بۆ دوو ملیۆن ژمارەی دانیشتوانی زیادی کردووە. بەڵام کوردی دانیشتوانی ئەم شارە زۆر بە بەخشندەیی و میوانەوازی پێشوازی لەم پەنابەرانە دەکەن، باربارا ڤۆلڤ چاودێری ئەم پرسەی کردووە. نزیکەی 60%یان لەنێو ماڵ و گەڕەکەکان دا جێگایان بۆ کراوەتەوە. گەلێ کریستیان کە هەڵاتوون ڕوویان لێرە کردووە، بەتایبەت لە گەرەکێکی کریستییەکان، تەنانەت کلێسایەکی گەورەی تازە دروستکراویشیان هەیە. لێبووردەیی بۆ ئایین و کەمینە ئیتنیکییەکان، خەسڵەتێکی دیاری هەولێرییەکانە، تەنانەت نوێنەری جڤاتی جولەکەکانیش ئەمە دەسەلمێنێ. بەشێوەیەکی تراديسیۆنی دانیشتوانی کوردنیشی ئەم شارە پێکەوە گەشە دەکەن، بێ ئەوەی بەرەو دابڕان و وەتاقەخستنەوە بڕۆن. "ژنانی کورد هۆشیار و بێ پەچەن". ئەمە قسەی باربارا ڤۆلڤە. ئەوەی ژنان وەک پیاوان حەزی لێدەکەن، پۆشینی پۆشاکی میللییە، ئەم کراوەییە ڕۆژانە تۆریستەکانیش دەیبینن. تۆریستە ناوخۆییەکانی عێراقی لە هەولێر و هەرەوها دیبلۆماتە ئەڵمانییەکەش ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە.

هەولێر شارێکی سەوزە، بارانی زۆر لە زستان دا چاڵە ئاوەکان پڕ دەکاتەوە بۆ ناوچە وشکەکانی عێراق ئێرە بایەخ و سەرنجێکی گەورەی هەیە .

بەرگریی شارستانیی گشتی لە عێراق:

تا ئێستا 40 هەزار دۆنم زەویی کشتوکاڵی سووتاوە

لە ماوەی یەک مانگدا 272 ئاگرکەوتنەوە لە ژمارەیەک پارێزگا ڕوویانداوە



بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانیی گشتی لە عێراق نوێترین ئاماری لە بارەی ئەو زەویە کشتوکاڵییانە بڵاوکردەوە کە بە هۆکاری جیاجیا و نادیار سووتاون و ڕایگەیاند کە تا ئێستا 40 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی سووتاوە. لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانیی گشتی لە عێراق ئەوەی خستووەتەڕوو کە لە میانی یەک مانگدا، 272 ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە ژمارەیەک پارێزگا ڕوویداوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە 74 ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە بە هۆی شۆرتی کارەبا، 35یان بە دەستی ئەنقەست، 25یان بە هۆی دەڕاسە، 22یان بە هۆی فڕێدانی جگەرە، 32 ڕووداوی دیکەش بە هۆی ئاگری دەرەکییەوە بوون، بەڵام 48 ڕووداوەکەی دیکە هێشتا هۆکارەکانیان نادیارە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هەروەها باس لەوەکراوە کە لە کۆی ئاگرکەوتنەوەکاندا، 94یان لە پارێزگای سەلاحەددین و 55یان لە پارێزگای نەینەوا و 51یان لە پارێزگای کەرکووک و شەش ڕووداویان لە پارێزگای بەغدا تۆمارکراون. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە بە هۆی ئەو ئاگرکەوتنەوانە تا ئێستا، 40هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی سووتاوە، ئەمە وێرای ئەوەی 992 هەزار دۆنم زەوی لە سووتان ڕزگارکراوە.

وەزیری نەوتی ئێران: ئەمڕۆ قورسترین گەمارۆکانی میژوو بەسەر ئێراندا سەپێنراوە

وەزیری نەوتی ئێران، بیژەن نامدار زەنگەنە گەمارۆکانی سەر وڵاتەکەی کە لەلایەن ئەمەریکاوە سەپێنراون، بە "قورسترین گەمارۆکانی میژوو" ناوبرد و جەختی لەوەکردەوە کە لە دۆخێکی سەختتردان لە دۆخی جەنگی ئێران و عێراق. بیژەن نامدار زەنگەنە لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەوالی ICA-NAی وڵاتەکەی، ڕوونکردنەوەی لەبارەی ئەو سزایانە داوە کە ئەمەریکا بەسەر ئێراندا سەپاندوویەتی.

زەنگەنە جەختی لەوەکردووەتەوە دۆخی ئێستای وڵاتەکەی لە دۆخی سەردەمی جەنگی ئێران و عێراق قورستترە و لەبارەی ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی کە ئەمڕۆ بەرەوڕوویان بووەتەوە، ڕایگەیاند: بەرەوڕووی چەندین کێشەی هاوشێوەی فرۆشتنی نەوت، دۆزینەوەی کەشتی، وەرگرتنەوەی پارە و کرپینی زۆر بەرهەم و کاڵا بووینەتەوە. ئەم قۆناغە لە گەمارۆکانی پێشتر زۆر جیاوازە. ئەمڕۆ قورسترین گەمارۆکانی میژوو بەسەر ئێراندا سەپێنراوە. هەر لەبەر ئەوەش پێویستە لەوە تێبگەین کە لە چ شەڕێکی تونددایین. ئەگەر لەم دۆخە پڕ ئاستەنگ و سەختە تێنەگەین، ئەوا هەڵسەنگاندنی هەڵە دەکەین. باوەڕم وایە کە هەندێک کەس هەست بە تۆندیی جەنگەکە ناکەن.

وەزیری نەوتی ئێران جەختی لەوەکردووەتەوە ئەمڕۆ دڵنیا نین لەوەی کە ئەو کڕیارانەی نەوتیان پێدەفرۆشن پارەیان دەدەنێ یان نا و ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە، هەروەها ڕایگەیاندووە: زۆر چالاکی کە لە وەزارەتی نەوت ئەنجامی دەدەین، نایاسایی نین بەڵام لەڕێگەی نائاساییەوە ئەنجامدەدرێن. زەنگەنە تیشکی خستووەتە سەر ئەوەش کە ئێران پلانی نییە لە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپیک) بچێتە دەرەوە.

حووسییەکان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشانکردە سەر باشووری سعوودیە

ڕاگەیەندرا کە حووسییەکان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، هێرشانکردووەتە سەر شاری جازان باشووری سعوودیە. کەنالی مەسیرەی سەربە حووسییەکان بڵاویکردەوە، بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، هێرشکراوەتە سەر شاری جازان باشووری سعوودیە کە لە میانیدا فڕۆکەخانەی شارەکە کراوەتە ئامانج. وەک ئاماژەیەک بۆ وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانییەتی عەرەبی، کەنالەکە ئاماژەی بەوەداوە کە هێرشەکە دوای ئەوە ئەنجامدراوە کە فڕۆکە جەنگییەکانی دوژمن لە فڕۆکەخانەی سەربازیی جازان هەولێانداوە هێرش بکەنە سەر چەکدارانی حووسی لە یەمەن.کەنالی مەسیرە ئەوەشی بڵاوکردووەتەوە کە لە هێرشێکی چەکدارانی حووسی بۆسەر خالێکی سەربازیی لە ڕۆژهەڵاتی جەبەل نار سەربە شاری جازان، سەربازێکی سعوودیە و چوار "بەکرێگیراو" کوژراون.



بارزان... بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز سەردانی چین وتوێژەکان بۆ سەر مەزاری نەمران بەردەوامە

خەبات ـ مسلم دزلەمەری:
بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز، بەسەدان کوردستانی و شاندی بیانی و دەرەوەی کوردستان و چین و توێژی جیاجیا، سەردانی مەزاری نەمرانیان لەبارزان کرد، لەوانە شاندێکی پارتی دیموکراتی کورد ـ سوریا البارتی و هەروەها شاندێکی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد – سوریا و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی هۆڵەندی و چەندین کەسایەتی و ڕۆشنبیر و کوردستانیانی ڕۆژهەی ناوچەکانی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانیان لەبارزان کرد.
دوای بەخێر هێنانیان لە لایەن لێژنەی پێشوازی و خەلات بارزانی، نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی و دانانی تاجە گوڵینە لەسەر گلکۆی نەمران و خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە.
لەچەندین پەیقی جیاجیادا باس لە خەبات و شۆرەشگێڕی بارزانی نەمر کرا بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی گەلی خۆی و هەروەها ئازادی و سەربەخۆی و ئاسایشی ئەمڕۆی هەرێمیش لەسایەی ئەم ڕێبازە پیرۆزەدا وەسفکرا.



بەشیر حەداد:

کێشەی عەمرەکارانی کوردستان چارەسەر کرا

د. بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە پەیجی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فیسبووک ڕایگەیاندووە، پەیوەندیی بە شێخ خالید ئەلعەتیبە، سەرۆکی دەستەی حەج و عومرەی عێراقییەوە کردووە بۆ زانینی هۆکاری دواکەوتنی گەڕانەوەی هەزارەها عومرەکاری هەرێمی کوردستان. بەشیر حەداد هەروەها ڕایگەیاندووە، کە بە هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارەکان توانرا کێشەکە چارەسەر بکرێت و ڕۆژی یەکشەممە 2019/6/9یەکەمین کاروانی عەمرەکاران دەگەڕێنەوە هەولێر و لە ڕۆژانی دواتریش گەڕانەوەیان لە ڕێی هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سلێمانی بەردەوام دەبێت. ڕۆژی شەممە 2019/6/8 نەبەز ئیسماعیل گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا ڕاگەیاندبوو، بە هۆی تێکچوونی فڕۆکەیەک لە شاری جەددەی سعودییە، خشتەی گەڕانەوەی عەمرەکارانی کوردستان تێکچووە و بڕیارە لە سێ بۆ چوار ڕۆژی داهاتوو عەمرەکارانی هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە.

هێڤیدار ئەحمەد هەندێک وێبسایت و دەزگای ڕاگەیاندن، بە درۆ دەخاتەوە



دوای ئەوەی هەندێک وێبسایت و دەزگای ڕاگەیاندن، هەواڵێکیان بڵاوکردۆتەوە، کە گوایە لە نێو فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی تووند ڕوویداوە. هێڤیدار ئەحمەد ڕوونکردنەوەیەک بڵاو دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت: بویە ئەم ڕوونکردنەوەیە دەنووسم، چونکە ناوی من لەنێو هەواڵەکەدا هاتووە کە گوایە لە نێوان من، هێڤیدار ئەحمەد لەگەڵ بەڕێز هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان گفتوگۆی تووند دروست بووە!.
لە بەشێکی دیکەی ڕوونکردنەوەکە چەند خاڵێک دەخاتەڕوو و دەڵێت: ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەمەڕوو
1-سەر لەبەری ئەو هەواڵانە ئەسڵ و ئەساسی نییە.
2-تا ئەوپەڕی ئازادی لەنێو پارتیدا هەیە بو موناقەشە، بەڵام هیچ جارێ ئەو ئازادییەی نێو پارتی بە کەوادری خۆی داوە نەگەیشتۆتە ئەوەی یەکدی بشکێنن وەک ئەوەی لەنێو ڕاپۆرتەکەدا هاتووە.
3-بەڕێز هێمن هەورامێ، ئەندامی سەرکردایەتی پارتیمانە و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە تا ئەو پەڕی جێگەی ڕێز و تەقدیری من و تەواوی ئەندامانی فراکسیۆن و دەنگەدەرانی پارتییە.
4-ئەو دەزگایانەی ڕاپۆرتەکەیان بڵاوکردووەتەوە کە ئاشکرایە بە فیتی کەسی نابەرپرس بڵاویانکردۆتەوە ئەو خەونە لەگەڵ خۆیان دەخەنە نێو گۆڕی خۆیان کە کێشە لەنێو پارتی دروست دەکەن. بە گەورەکانیان نەکراوە چ جار بە هەندی مالپەڕ و هەندێ دەزگای میدیای!
5-کەمترین ئیتێکی ڕۆژنامەڤانی ئەوەیە ڕای بەرامبەر وەربگرێت بو هەر هەواڵێک؟ بەڵام نە لەدوور و نە لە نزیکەوە پەیوەندییان بە منەوە نەکردووە لەسەر ڕاستی و دروستی زانیارییە دروەکانیان.
6-چ عەیبێکی گەورەیە درۆ بڵاو دەکەنەوە.
7-بە مافی خۆم دەزانم سکاڵای یاسای لەسەر هەر یەک لە سایتی میللەت پرێس، ژیان میدیا، لڤین پرێس و هەر دەزگایەکی دیکەی ئەو هەواڵەی بڵاویان کردووەتەوەو بڵاو دەکەنەوە.
هێڤیدار ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی ئاشکراشی کردووە سکاڵای یاسای تۆمار دەکات و ڕاستی و دروستی ئەو هەواڵە لە دادگا دەردەکەوێت.

گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزار:

ژمارەی گەشتیاران لە جەژندا دەگاتە 250 هەزار گەشتیار

لە میانی ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزاندا ژمارەیەکی زۆری گەشتیار ڕوویان لە هاوینەهەوارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، بەگوتەی بەرپرسانی گەشتوگوزاری هەرێم ژمارەی گەشتیاران زۆر زیادی کردووە.
گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، نادر ڕۆستی گوتی: بە شێوەیەکی گشتی ئاستی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو باشتر دەڕوات و پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە دەبینێت لە هەموو ڕوویەکەوە لە ڕووی زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران و زیادبوونی شوێن و کوالێتی و دابینکردنی خزمەتگوزاری باشتر و هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی تر کە پەیوەستن بە گەشتوگوزارەوە.
نادر ڕۆستی لە بارەی ئاماری گەشتیاران لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزاندا گوتی: بەپێی ئامارەکانی ئێمە تا ڕۆژی دووەمی جەژن 145 هەزار گەشتیار بووە، چاوەڕوان دەکەین لە ئاماری کۆتایی کە یەک دوو ڕۆژی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە ژمارەی گەشتیارانمان لە 250 هەزار گەشتیار تێپەڕێت.
گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەش کرد، زۆربەی گەشتیاران لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروو عێراقەوە هاتوون، بەشێکی دیکەشیان لە ئێران و بەشێکی کەمیشیان لە تورکیاوە بۆ گەشت هاتوونەتە هەرێمی کوردستان.



لە ناوچەی هەورامان بە گشتی و هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا بە تایبەتی لە میانی ئەم ڕۆژانەدا ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری لە خۆگرتووە، بەشی زۆری ئەو گەشتیارانەش لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروو عێراقەوە دێن.
بەرپرسانی گەشتوگوزاری ناوچەکەش دەڵێن، ئامادەکاری پێویستیان کردووە بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران و لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار.
محەمەد ڕافع گەنجێکی دانیشتووی شاری بەغدایە و بەگرووپ لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەشتیاری لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان هاتۆتە هەرێمی کوردستان، ئەو دەڵێت: لە میانی ڕۆژانی پشووی جەژن لە بەغداوە هاتوونەتە سلێمانی، دواتر بۆ هاوینەهەوارەکانی هەورامان بە تایبەتی ئەحمەد ئاوا و کاتێکی خۆشیان بەسەر بردووە، دواتریش بەرەو هەولێر بەڕێدەکەون و سەردانی هاوینەهەوارەکانی ئەو ناوچەیەش دەکەن.
لەئێستادا کە پلەکانی گەرما لە هەرێمی کوردستان بۆ سەروو 40 پلە بەرز بوونەتەوە، هاوواڵتیان بۆ دوورکەوتنەوە لە گەرما و وەرگرتنی پشوو سەردانی هاوینە هەوارەکان دەکەن.



ئەو جووتیارانەی دەغڵودانیان سووتاوە قەرەبوو دەکرێنەوە

حکوومەتی عێراق لێژنەیەکی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو جووتیارانە پێک هێناوە، کە دەغڵودانیان سووتاوە. ئەندامێکی لێژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانیش دەڵێ: هیچ ئامارێکی فەرمی نییە لەسەر ئەو زەویانەی سووتاون و بڕیارە لە ڕێگەی لێژنەی پسپۆڕەوە قەبارەی زیانەکان دیاری بکرێت.
محەمەد ئەمین فارس، ئەندامی لێژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: ئێمە بەر لە جەژنی ڕەمەزان داوامان لە وەزیری کشتوکاڵی حکوومەتی عێراق و جێگری سەرۆکی پەرلەمان کردووە، ئەو جووتیارانەی ئەمساڵ دەغڵەکانیان سووتاوە، قەرەبوو بکرێنەوە، هەر ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەڕێوەچوو، لێژنەیەک بە سەرۆکایەتیی وەزیری کشتوکاڵ و ژمارەیەک لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی جووتیاران پێکهاتووە.
لەبارەی ئاماری سووتاندنی دەغڵودانی جووتیاران، ئەندامەکەی لێژنەی کشتوکاڵ دەڵێت: بەپێی ئاماری بەرگریی شارستانیی عێراق، زیاتر لە چوارسەد هەزار دۆنم دەغڵودان سووتاوە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت، تا ئێستا نزیکەی 25هەزار دۆنم سووتاوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئامارێکی فەرمی لە عێراق لەبارەی سووتانی دەغڵودانی جووتیارانەوە نییە.

کەشناسی هەرێم:

لە هەولێر و کەرکووک ئەگەری باران بارین هەیە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ڕەوشی کەشوهەوای ئەمڕۆ دووشەممەی ڕاگەیاند. کەشناسی هەرێم ڕایدەگەیەنێت ئەگەری پڕوشکە باران لەناوچە شاخاویەکان هەیە، هەروەها دەشڵێت لەناوچەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک و باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر ئەگەری باران بارین هەیە.
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم ڕاشیدەگەیەنێت، ئەمڕۆ بەنزیکەی 1 تا 2 پلە بەرزدەبێتەوە. هەروەها کەشناسی عێراق ڕایگەیاندووە، پلەکانی گەرما بەردەوام لە باشووری عێراق ڕوو لە بەرزبوونەوە دەکات و پێشبینی دەکرێت کە بەرزترین پلەکانی گەرما لە خانەقین و بەسرەو عیمارە بگاتە 51 تا 52 پلەی گەرمی. مەحمود عەبدولەتیف، بەڕێوەبەری ژینگە و دەستەی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی عێراق ڕایگەیاندووی کە ئەمڕۆ دووشەممە بەرزترین پلەی گەرمای ئەم هاوینە تۆمار دەکرێت. ڕوننیشیکردۆتەوە کە پلەکانی گەرما لەم مانگەدا دەگاتە بەرزترین پلە لە مێژووی عێراق.
دەشڵێت: پلەکانی گەرما بەردەوام لە باشووری عێراق بەرز دەبێتەوە و پێشبینی دەکرێت کە بەرزترین پلەکانی گەرما لە خانەقین و بەسرە و عیمارە بگاتە 51 تا 52 پلەی گەرمی.

بەیاننامە

بۆ ڕای گشتی.. پەرلەمانی کوردستان
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. حکومەتی هەرێمی کوردستان
داواکاری گشتی .. هەموو دادگاکان و یاسا نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان

سەبارەت بە هەواڵی ڕفاندن و کوشتنی (دلین) ی 10 ساڵان وەک ڕێکخراوی ئەستێرەی مندالان سەرەتا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادەی ئەم پەپوولەیە دەکەین،
دڵگرانین و هاوبەشی خەمیانین و سەبووریبیان بۆ دەخوازین...
ئەم تاوانە قێزەونەی ڕفاندن و دەستدرێژی کردنەسەر مندالێکی تەمەن 10 ساڵان و دواتر کوشتن و شێواندنی جەستەی بچوکی، پێویستە بە زووترین کات سزای تاوانباران بە لە سێدارەدان بدرێت، نەک سزای زیندانی کردنیان و بە خێوکردنیان لە زیندانیە چاکسازییە پێنج ئەستێرەییەکان دا ژیان بکەن.
لێردا دەڵێم با واز لەو قسانەی باسی مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکرێت بێنین، ئیتر با بەس بێت، پێویستە وکاتی ئەوە هاتووە ئەوانەی کە منالان دەڕفێنن و دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەریان دواتر بۆ شاردنەوەی تاوانە قێزەونەکەیان منالەکان دەکوژن و بگرە لاشەیان دەشێوێنن، پێویستە حکومەت و دادگا سزای لە سێدارەدان بەسەر تاوانباران بسەپێنن و جێبەجێی بکات، چونکە ئەم دیاردانەی کوشتن و ڕفاندنی منداڵان خەریکە لە حاڵەتەوە دەبێتە دیاردەیەکی ترسناک.
لەم ماوەی دواییدا چەندین تاوانی تری لەو شێوەیە دووبارە بوونەتەوە، بەداخەوە چەندین کەیسمان لەبەردەست دایە کە لە ڕابردوو ئەنجام دراون - بۆیە پێویستە سنورێک بۆ ئەم تاوانانە دابنرێت بە سزای توند و لەسێدارەدان تا ببێتە پەند و عیبرەت و دووبارە نەبنەوە. ئەوەی ماوە بیلێین ئەوەیە بەداخەوە کەمتەرخەمی لە دایک و باوکان و بە خێوکەرانی منالانە، پێویستە زیاتر چاودێری و ئاگاداری منداڵەکانیان بن و با بە تەنیا لە ڕێگاکان و شوێنەکاندا گوزەر نەکەن، چونکە کەسانی نەخۆش و نەفس نزم هەن ئیستیغلالی بچوکی و بێ هێزی منالان ئەکەن و تاوان ئەنجام ئەدەن کە بەداخەوە ئەمە ئاکامەکەیەتی..

سەیران سەلاح
سەرۆکی ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان
2019/6/8

هۆشەنگ محەمەد: هاوکاریی بۆ ئاوارەکان وەستاوە.. ملیۆنێک و 100 هەزار ئاوارە لە هەرێم ماون

بەرپرسی کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکان لە کوردستان گوتی: گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان راگیراوە و بگرە دووبارە خەڵک دەگەڕێنەوە هەرێم، کە هۆکارەکەی نەبوونی خزمەتگوزاری و تێکچوونی دۆخی ئەمنییە، بۆیە هێشتا ملیۆنێک و 100 هەزار ئاوارە لە هەرێم هەیە و ڕێژەی هاوکاریکردنیشیان زۆر کەم بووە.

هۆشەنگ محەمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: لە هەرێمی کوردستان گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان وەستاوە و لە نیشتادا ملیۆنێک و 100 هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستان ماون و هاوکاریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش بۆ ئاوارەکان وەستاوە، هەروەها حکوومەتی عێراقیش هاوکارییان ناکات و باس لەوە دەکەن کە بوودجەیان لە بەردەستدا نییە، بۆیە دۆخی ئاوارەکان زۆر خراپە.

محەمەد گوتیشی: لە ئێستادا لەجیاتی ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر جێگا و ڕێگای خۆیان، دووبارە دەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، چونکە تاوەکو ئێستا دوو هەزار کەس گەڕاونەتەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دۆخی ئەمنی لەو ناوچانەدا باش نییە، هەروەها خزمەتگوزاری نییە و ڕۆژانە خەڵک دەکۆژرێت، بۆیە خەڵکەکە ناتوانێ لەو دۆخەدا بژیت و دووبارە ئاوارە دەبێتەوە.

بەرپرسی لقی 16: سوورین لەسەر بەدیهێنانی بەڵێنەکانمان لە پێناو ژیانێکی باشتر بۆ گەلەکەمان



بە مەبەستی خستنەڕووی دواینی ڕووداو و پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو پرسی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی دواکەوتنی، بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق و ژمارەیەک لە کادیرانی ڕێکخستنەکان و جەماوەرێکی سنووری دەڤەرەکە، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان کۆڕێکی جەماوەری بەرفراوانی سازکرد.

مستملك سەرۆکی شارەوانی هەولێر سەرەڕای کارەکەی داوای ژمارە (١٩٣/ استملاك/ب/٢٠١٥/٢) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر میراتگرانی محمود شکری فتاح و مکیە عزیز درویش و تحسین شریف یونس و محمد زیوەر و محمد ضیاء و کمال شریف بەمەبەستی خۆزمالەکردنی مولکی ژمارە (٣/١٤٤ ك تعجیل اسلام لە ئەنجامی دابینی رووبەروو پاشملە و ئاشکرادا ئەم دادگایە بریاریدا بە:
١- نزع ملیکة عموم الملك المرقم (١٤٤/٣ ك تعجیل اسلام) و تسجیلها ملکا صرفا باسم المستملك (رئاسة بلدیة اربیل) استبدالا بالعرصات المرقمات (٢٠٨٩ و ٢٠٩١ و ١٧٣٩/٢ ك ٨١ گەڕسوور) و (١٥٦٦٢ و ١٥٦٦٦ و ١٥٦٤٦ و ١٥٦٤٤ و ٨/١٥٦٥٠ ك ٩٣ حصاروك و تسجیلها ملکا صرفا باسم المستملك منهم وفق المناسخة المنظمة من قبل الخبیر المناسخ (یوسف عبدالرحمن حمد) المؤرخ فی ٢٠١٧/١١/٢١ و التی تعتبر جزء من هذا الحکم الاغراض التنفیذ.
٢- و الزام المستملك منهم بأیداع فرق السعر البالغ (٥,٧٠٦,٠٠٠) خمسة ملیون و سبعمائة و ستة الف دینار فی صندوق المحکمة لحساب المستملك کل حسب حصتة وفق المناسخة المذکورة اعلاه.
٣- اعادة الاملاك المرقمات (١٧٤و ١٤٥٨ و ١٤٦٠ و ٢/١٤٦٢ ك ٨١ گەڕسوور) لرئاسة بلدیة اربیل ورفع اشارة عدم الاجراء من علی قیدها بعد اکتساب هذا الحکم الدرجة القطعیة.
٤- اشعار مدیریة التسجیل العقار فی اربیل/١ و ملاحظیة التسجیل العقاری فی دشتی هولیر لتأشیر و تسجیل ماورد فی القرة (١) اعلاه فی سجلاتها (قدر تعلق الامر لکل منها) و ذلك بعد ایداع المستملك منهم المبلغ الوارد فی الفقرة (٢) اعلاه و تنفیذ الفقرة ٣ و اکتساب الحکم الدرجة القطعیة.
لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگای یەك رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی بەمەبەستی پێراگەیاندنت بەم بریارە پاشملە کە لەماوەی یاسای دا مافی نارەزای و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ قباد شیرزاد نوری
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ٢/منع سفر/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢٩
جاردان
بۆ داوالێکراو/ (حقی اسماعیل)
داواکار/ کاروان صالح حمدامین
داواکار داوای بەرایی ژمارە ٢/منع سفر/٢٠١٩ لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (منع سفر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە پێت رادەگەینین بە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/١ ئامادەبی یان بریکارت بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپشملە و ئاشکرا.
دادوەر/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ١٢٤ / ب / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٠
جاردان
بۆ داوالێکراو/ عامر عزت عزیز شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (مها جیلە عبدالحمید)داوای ژمارە (١٢٤ / ب / ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای (تملیك کردنی خانووی ژمارە ٥٢١/٢٧٠ کەرتی عەنکاوە) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (کاریز/ عەنکاوە) لە عەنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٦/٢٧ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نهاد صباح الدین علی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٠٦٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٣٠
ئاگاداری
بۆ/ خالد علی یاسین
لەبەر نەزانین و نایاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (فرحان کاکل رشید) کە بڕی (٦٥٠٠٠ $ دۆلار) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٣٢/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٣٠
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٩٣٥٧/ئاربیل) جۆری (تویوتا هایلوکس بیك اپ دبل قارە) مۆدیل (٢٠١٦) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (محمد عزیز محمد) لە رۆژی (٢٠١٩/٦/١٩) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت.
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٩٩٣١
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٩
ئاگاداری ژمارە (٥)ی ٢٠١٩
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (دانان و دابینکردنی هێمای ڕێنیشان دەر و هێمای هاتووچۆی جۆراوجۆر و دانانی عەمود بۆ ڕێگاکانی سنوری عەرەبەت و سەید صادق و هەڵەبجەی شەهید و پێنجوێن و نالپەریز و گەرمك) دەکات هەر بەلێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراببێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٢ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کڕینی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- کۆمپانیا دەبێت تایبەتمەند بێت لەم بوارە.
٢- فرۆشتنی تەندەر بەبری ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هەزار دینارە کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٣- هێنانی بارمتەی سەرەتایی بەبری (٤١,٥٠٠,٠٠٠) چل و یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان)
٤- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ
***
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٩٩٣٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٩
ئاگاداری ژمارە (٦)ی ٢٠١٩
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (دروستکردنی بنکەی بەرگری شارستانی سێمێل لە جۆری B بچووك) دەکات هەر بەلێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراببێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٢ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کڕینی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- کۆمپانیا دەبێت تایبەتمەند بێت لەم بوارە.
٢- فرۆشتنی تەندەر بەبری ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هەزار دینارە کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٣- هێنانی بارمتەی سەرەتایی بەبری (٤١,٥٠٠,٠٠٠) چل و یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان)
٤- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ
***
دادگای موادی کەسی عەنکاوە
ژمارە: ٢٠ / م / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٣٠
جاردان
بۆ داوالێکراو/ جورج یوسف الیاس شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (جینیە بولص خدیدا)داوای ژمارە (٢٠ / م/ ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای (تثبیت حضانة) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (عشتار/ حدیاب) لە عەنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٦/١٩ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نهاد صباح الدین علی
***
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٥٧/ب/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٥/٣٠
بۆ داوالێکراو (ماجد هاشم عبدالله)
ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە
ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (٥٧/ب/٢٠١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٦ لە سەر داوای داواکار (شرین نظیف خاجە) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە تۆ بریارەکەش بریتیە لە ناچارکردنی تۆ بە گەراندنەوەی خشڵ وزێرەکانی کە لە بریارەکەدا هاتوون یا خود بەها خەملێنراوەکانیان کە بە بری (١٢٦٧٢٠٠٠) دوازدە ملیۆن وشەش سەت وهەفتا ودوو هزار دینار خەملێنراون وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی رازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاسایيدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەگریت بەپێی یاسا
دادوەر / طارق رمضان صالح
***
بەڕێوبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٠٤٧ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٣٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (ازاد عیسی احمد)
ژیەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێقەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیە) وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی بێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
ژڤان عزیز محمد / ڕێقەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٣٦٦ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٣٠ / ٥ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : شڤان عجیل محمد
ل دیف داخوازا داواکار(خوخی غازی رشید) وکێشا ژمارە (٣٦٦ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون ژتە دکت ، و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (دەلال) یا ژمارە (٢٢٩٩) ل (٥/٢٣ /٢٠١٩) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخن (رکافا قدیم) تەفجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو ڕۆژنامیت ڕۆژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (١٩ /٦/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕێکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / یوسف الیاس سدن
***
دادگای باری کەسیەتی تەق تەق
ژمارە/ ٥٠/ش/٢٠١٨
رێکەوت ٢٠١٩/٥/٢٨
ئاگاداری
داواکار/ نوال یونس جهاد
داوالێکراو/ سعد یوسف علی/ شوێنی نیشتەجێ بوونت مادیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لەداوای ژمارە(٥٠/ش/٢٠١٨) بۆردی کارەبا و سایلۆ
٣- لابردنی پەلکی گەنم و دووانە ژمارە/ ٥٠٠٧ تاکو ٥٠٠٨ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠.
٤- جیاکردنەوەی خۆل و بەرد لەگەنم ژمارە/ ٥٠٠٩ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٥- فانی هەوایی ژمارە/ ٥٠١٠ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٦- مۆلیدەی کارەبا ژمارە/ ٢١١٠٠٩٠٣ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٦٣٠.
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای ئاردی هەولێری هونەری) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- جیاکردنەوەی خۆل و بەرد لەگەنم ژمارە/ ٥٠٠٩ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥*٧,٥.
٢- دوو سفتەر بێرنیگ کردنی گەنم ژمارە/ ٢١٧ تاکو ٢١٨ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٣- ئانزە (١٦) دانە ئێرلۆك تێکردن ژمارە/ ٢١٩ تاکو ٢٣٤ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤.
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای ئاردی هەولێری هونەری) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- شەش دانە سلندەری هارینی گەنم ژمارە/ ٢١١ تاکو ٢١٦ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٦٠.
٢- دوو سفتەر بێرنیگ کردنی گەنم ژمارە/ ٢١٧ تاکو ٢١٨ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٣- شانزە (١٦) دانە ئێرلۆك تێکردن ژمارە/ ٢١٩ تاکو ٢٣٤ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤.
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای ئاردی هەولێری هونەری) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- شەش دانە سلندەری هارینی گەنم ژمارە/ ٥٠٠٠ تاکو ٥٠٠٥ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢١٦.
٢- تێکردن و کێش کردن و دوورین ژمارە/ ٥٠٠٦ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٣- لابردنی پەلکی گەنم و دووانە ژمارە/ ٥٠٠٧ تاکو ٥٠٠٨ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠.
٤- جیاکردنەوەی خۆل و بەرد لەگەنم ژمارە/ ٥٠٠٩ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥*١٥.
٥- فانی هەوایی ژمارە/ ٥٠١٠ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥*١٠.
٦- مۆلیدەی کارەبا ژمارە/ ٢١١٠٠٩٠٣ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٦٣٠

دوای دەست لەکارکێشانەوەی تیریزا مای

کێبڕکێ بۆ جێگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەستی پێکرد





تیریزا مای رووبەڕووی شکستێکی گەورە بۆوە کاتێ بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمان (432) دەنگ بەرامبەر (202) دەنگ، رێککەوتنەکەی سەرۆک وەزیرانیان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا رەتکردەوە، بەمەش بەریتانیا کە بە پێنجەمین هێزی ئابووری جیهان دادەنرێت رووبەڕووی ئایینەدەکی نادیار دەبێتەوە

ئا: خالید گەردی

لەکۆتاییدا تیرازا مای سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا خۆی کردە قوربانی کێشەی بریکزت و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بڕیاری دەنگدەران لە ساڵی 2016دا بۆ کشانەوە لە یەکێتیی ئەورووپا، ناوبراو رۆژی هەینی رابردوو بەشێوەیەکی فەرمی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستەکەی راگەیاند،

دەست لەکارکێشانەوەکەشی دوای ئەوە هات، لە دەنگدانی رۆژی سێشەمەی رابردووی پەرلەمان تیریزا مای رووبەڕووی شکستێکی گەورە بۆوە کاتێ بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمان (432) دەنگ بەرامبەر (202) دەنگ، رێککەوتنەکەی سەرۆک وەزیرانیان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا رەتکردەوە، بەمەش بەریتانیا کە بە پێنجەمین هێزی ئابووری جیهان دادەنرێت رووبەڕووی ئایینەدەکی نادیار دەبێتەوە.

وا بڕیارە لە رۆژی 7ی مانگی حوزەیرانی دا تیریزا مای ماڵئاوایی یەکجارەکی لە پۆستەکەی بکات. بەمەش دەرگای کێبڕکێ لە نێو حزبی پارێزگارانی بەریتانی بۆ پرکردنەوەی شوێنی ناوبراو کرایەوە.

وەک هەنگاوی یەکەم نوێنەرانی حزبەکە لەپەرلەمان، لە رۆژی 10ی مانگی حوزەیرانی داهاتووە دەست بە پاکتاوکردنی بەربژێرەکان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دەکەن تا تەنیا دوو بەربژێر دەمێننەوە، ئینجا دەنگدانی کۆتایی بۆ هەڵبژاردنی بەربژێرێک بە بەشداری نزیکەی (100) هەزار لە ئەندامانی حزبەکە لە رۆژی 10ی مانگی حوزەیران بەڕێوە دەچێت.

دیارترین بەربژێرەکان

بە پێی هەواڵەکان بە شانس ترین کەسایەتی بۆ جێگرتنەوەی مای، بوریس جونسونی وەزیری پێشووی دەرەوەیە، کە بەهۆی رەتکردنەوەی پلانەکەی تیریزامای هێشتنەوەی پەیوەندی بەتینی ئابووری بەریتانیا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا دوای دەرچوونی لە یەکێتییەکە، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی وەزیری دەرەوە پێشکەش بەسەرۆک وەزیران کرد، ناوبراو لە دانیشتنە تایبەتییەکانیدا بەهۆی ئەو هەڵوێستە، ڕەخنەی توندی ئاراستەی تیریزا مای دەکرد.

پێی وابوو نەرم نواندنی سەرۆک وەزیران لە ئاست نەیارانی بریکزیت هەروەها بەڵێنی ئەنجامدانی راپرسی لەلایەن تیریزا مای بۆ رازی کردنی نەیارانی ڕێککەوتنەکە ئەوانەی پشتگیری لە مانەوەی بەریتانیا لە یەکێتییەکە دەکەن، تووڕەبوونی ئەندامەکانی حزبی پارێزگارانی لێکەوتۆتەوە، جونسون سووربووونی خۆی لەسەر جێبەجێ کردنی بریکت جا بەهەر نرخێک بێت کردۆتەوە.

جونسون گوتوویەتی لە بەروارى 31ی تشرینی یەکەم بە ڕێککەوتن یا بێ ڕێککەوتن لە یەکێتی ئەورووپا دەکشێینەوە.

دەرچوونی بەریتانیاش لە یەکێتییەکە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا 31ی تشرینی یەکەم کە دووجار وادەکە دواخراوە نیگەرانی بەسەر بازاڕی ئەو وڵاتە دروستکردووە.

دیارترین رکابەری بوریس جونسون-یش، دومینیک رابی وەزیری بریکستە کە ئەویش بەوە ناسراوە دژایەتی مانەوەی وڵاتەکەی لەیەکێتیی ئەورووپا دەکات.

لەلایەکی دیکەوە هاتنی روی ستیوارتی وەزیری گەشەپێدانی نێو دەوڵەتی و مات هانکوکی وەزیری تەندروستی بۆ نێو کێبڕکێیەکە گۆڕەپانەکەی بەرفراوانتر کردووە، مات بەڵێنی داوە سیاسەتێکی میانڕەوتر بگرێتەبەر.

سەرچاوە: فرانس /24 ا ف ب



زمانی ژمارە

گرنگترین ئەو کۆمپانیا جیهانیانەی ساڵی رابردوو لە ئێران کشاونەتەوە :

کۆمپانیای ڕووسی :
ڕوس نەفت .
لوک ئۆیل . هەردووک کۆمپانیاکە لە بواری نەوت کار دەکەن .

کۆمپانیای ئەڵمانی :
سیمنز بۆ ئەلکترۆنیات .
دایملەر بۆ پیشەسازی ئۆتۆمۆبیل.
میونخ ری ،تایبەتە بە دڵنیایی .

کۆمپانیای فەرەنسی:
تۆتال بۆ پەترۆل .
ئێرباس بۆ پیشەسازیی فڕۆکە.
BSA بۆ پیشەسازیی ئۆتۆمۆبیل .

کۆمپانیای ئەمەریکی :
جەنەرال ئەلیکتریک و بیکەر هیوز و هانیویل کە تایبەتن بە کەلوپەلی نەوتی.
بۆینگ بۆ پیشەسازیی فڕۆکە.
دوقەر کۆرپڕێشن کە تایبەتە بە ئامرازەکانی نەوت .

ڕەگەزی جۆراوجۆر :
میرسک سیلاندی دانیمارکی بۆ گواستنەوەی دەریایی .
دەزگای پترۆلی نیشتمانی چینی بۆ نەوت .
ریلاینسی هیندی بۆ نەوت .

سالی 1907:
فەرەنسا و ژاپۆن سەبارەت بە سەربەخۆیی و سەلامەتی خاکی چین ڕێککەوتن .



سالی 1940:
لە جەنگی دووەمی جیهاندا ئیتاڵیا شەڕی لە دژی شانشینی یەکگرتوو و فەرەنسا راگەیاند.



سالی 1963:
جۆن کینیدی سەرۆکی ئەمەریکا بە بڕیاری یەکسانکردنی موچەی پیاو و ئافرەت رازی بوو .



سالی 2000:
پەرلەمانی سووریا لە پێناوی هەڵبژاردنی بەشار ئەسەد وەک سەرۆکی وڵات ، دەستووری هەموار کرد .



سالی 2014:
شاری موسڵ کەوتە دەستی چەکدارانی داعش .



سالی 2018:
ئەمەریکا باجی خستە سەر ئەلەمنیۆمی هەناردەکراو لە کەنەدا و یەکێتی ئەورووپا و مەکسیک .

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/5/10 ژمارە (5764)



ئەو کاتەی موستەحیل دەبێتە بۆچوونێکی سەرزارەکی



سابیر حوسێن

لە ئەگەری ئەوەی شتێک رێگەی دیکەی لەبەردەم نەما ،بە مانایەکی دیکە لە رووە مانەویەکەی خواست و ئیرادە لەسەر بەدیهێنانی شتێک و بیرکردنەوەی قوڵ لەبارەیەوە رەنگە بۆچوونی موستەحیل بکاتە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو، ئەم پەرەگرافە دەقاودەق لەگەڵ سیاسەتی رۆژهەڵی ئەمرۆی ئەمریکا و رووسیا گونجاوە، کە ئێستاش لەلایەن زۆرێک لە شرۆڤەکارانی سیاسییەوە بە زلهێزانی بلۆکی یەک و بلۆکی سێ تەماشایان دەکرێ. بەگشتی ئەو لێک نزیکبوونەوەی بەرژەوەندیەکانی واشنتۆن و رووسیا وەک ئاگرێکی بێ دووکەڵ وایە. جگە لە نیگەرانی، کەسی دیکە جورئەتی ئەوە ناکات بە زمانێکی تیژی ڕەخنەگرانە رووبەڕوویان بێتەوە.



هاوپەیمانەکانی رووسیا لە بۆندەکەی لەگەڵ ئەمریکادا نیگەرانن

لە ماوەی رابردوودا رووسیا بە شێوەیەکی ئاشکرا چۆتە ناو هەندێ هاوکێشەی بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا، ئەمەش لەسەر دەرکردنی ئێران یان دانانی رادەیەک بۆ دەستێوەردانەکانی لە سووریا. بڕیاریشە هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەمنی قەومی هەردوولا بە هاوبەشی ئیسرائیل لە شاری قودس کۆبوونەوە ساز بدەن. چاودێرانی سیاسی پێیان وایە کە واشنتۆن و مۆسکۆ لەم ماوەیەدا زۆر لەیەکتر نزیکبوونەتەوە، کە رەنگە ئەم نزیکبوونەوەیەش نەخشەیەکی نوێ بۆ ناوچەکە دارێژێتەوە.

بەبێ ئەمەریکا، ناتۆ خۆی لەبەردەم روسیا بۆ ڕاناگیرێ

ئەو لێک نزیکبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ و واشنتۆن، زەمینەی دەرخستنی هێزی بۆ روسیا زۆرکەشتر کردووە، هەر لەم بارەوە مالپەڕی روسیا ئەلیەوم لە بابەتێکی شیکاری دەربارەی ئەو پرسە بڵاوی کردۆتەوە. کە لە ئەگەری کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو هاوکێشەیە، ئیدی ناتۆ ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات و بەرامبەر بە هێزی روسیا خۆ ڕاگر بێت . لە شیکردنەوەکەدا هاتووە کە روسیا لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو بە نیازی کۆنترۆڵکردنی لینگراداە، لەم کاتەشدا ولاتانی هاوبەشی ناتۆ خۆیان بۆ پەرچەکرداری دژ بە روسیا ئامادە دەکەن، بەڵام پێشبینی ئەوەی ناتۆ بەسەر روسیا سەردەکەوێ ئەگەرێکی لاواز دەبێت، چونکە لە هەموو حالەتێکدا هاوبەشی بەرژەوەندی هاوبەشی مۆسکۆ و واشنتۆن، بۆ روسیا سەرکەوتنی مەعنەویە بەسەر هێزی ناتۆدا.

رووسیا هەرگیز دەستبەرداری چەکی ئەتۆمی نابێ

هەرچەندە ئەمریکا بە جۆرەها شێواز وبستی رادەیەک بۆ پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی روسیا دیاری بکات، بەڵام نەک هەر ئەوەی بۆ نەچووە سەر، بگرە روسیا هۆکارێک بووە بۆ پەرەپێدانی چەکی ناوەکی تاران، بۆیە شێتانەیە ئەگەر وابیر بکرێتەوە جا لەژێر هەر گوشارێکدا بێت روسیا دەستبەرداری چەکی ئەتۆمی خۆی بێت. بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا ناچارە شێوازی دیکەی سیاسی بگرێتە ئەستۆی خۆی، لەبەر ئەوەی ئێستا مۆسکۆ خۆی لە دەرەوەی هاوکێشەی چەکی ئەتۆمی دەزانێ، کە بڕیارە کۆنگرەی رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی ببەسترێ. روسیا بەردەوام ڕەخنەی ئەوە بەرووی ئەمریکا دەڵێتەوە کە چەکی ئەتۆمی ئەمریکا کە ستراتیژیش نین هێشتا لە ئەورووپایە. بەگشتی روسیا ئەتۆم بە نهێنی مانەوەی خۆی دەزانێ لە نەخشەی جیهان.

پەکین و واشنتۆن و گەڕانەوەی میحوەرەکان


جگە لە ململانێی لایەنی سەربازی، ململانێ لەسەر ئابووری و بازرگانیش لایەنێکی دیکەی ئەمریکا و روسیایە، بەتایبەتی ئێستا ئەمریکا میحوەرێکی دیکەی ململانێیەکانی لەگەڵ چین کردۆتەوە. پرسی (هواوی) جەنگێک نییە کە دوێنێ دەستی پێکردبێت، چونکە ئێستا ئەم ناکۆکیە سەر لەنوێ پرسی سیاسی تایوان و ناکۆکی لەسەر سنووری دەریای چین و ئاسایشی هاوپەیمانەکانی واشنتۆنیشی زیندوو کردۆتەوە.

ئەوەی لە چینیش ئامادەیە سەرکەوتنی خێرایەتی وەکو هێزێکی زەبەلاحی نوێ بازارەکانی جیهانی، نەوەک هەر لە بواری ئابووری بەڵکو لە بواری تەکنەلۆژی و سەربازیشەوە چین لە هاتنە پێشەنگدایە. هەر ئەوەشە ئەمریکای نیگەران کردووە، نەوەک سبەی ببێتە هەڕەشە و جێگەی پێ لەق بکات و میحوەریەتی ئەمریکا بخاتە ژێر پرسیارەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوانە هۆکارگەلێکی ئاشکرا و رووکەشن بۆ نزیکبوونەوەی واشنتۆن و مۆسکو. واتە سەرباری ناکۆکی ستراتیژی نێوانیان، بەڵام لەولاشەوە بەرژەوەندی ستراتیژیشیان لە پێشە کە دەبێ یەکێکیان بکەن بە قوربانی ئەوی دیکە..

ئاڵای وڵاتان


وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا



لە ناو ئاڵای ئەم وڵاتەدا 13 هێڵی پان هەن و ڕەنگیان سوورە ، ئەمانە وەک ئاماژەیەکن بۆ ئەو 13ویلایەتەی سەرەتا یەکێتی نێوان ویلایەتەکانیان پێکهێناوە و رووبەڕووی بەریتانیا وەستاون.

لە گۆشەی سەرەوەی چەپی ئاڵاکەشدا چوارگۆشەیەک هەیە و 50 ئەستێرەی تێدا نەخشێنراوە. ئەم ئەستێرانە ئاماژەن بۆ سەرجەم ئەو ویلایەتانەی ئەمرۆ لەژێر ناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆبوونەتەوە.

مانشێت



سکای نیوز:
لە راپرسیەکدا سەبارەت بە کاندیدانی پارتی دیموکرات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ، دەرکەوت کەجۆ بایدن لە سەرووی هەموو کاندیدەکانی تره.



رۆژنامەی ئەلحەیات:
دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا لە دۆسلدۆرف دەستیان بە دادگاییکردنی دوو هاوسەر کرد کە بەنیازی ئەنجامدانی هێرشێکی بایۆلۆژی بوون لەو ولاتە .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بۆریس جۆنسۆنی کاندید بۆ شوێنگرتنەوەی تیرێزا مای هەڕەشەی وەستاندنی بەخشینی 50 ملیار دۆلاری کرد کە ولاتەکەی بەنیازە بەرامبەر بریکزت بە یەکێتی ئەورووپای ببەخشێ .



ئەی ئێف پی:
لە بەنگالی هیند، شەڕ لە نێوان لایەنگرانی دوو پارتی سیاسی رۆویدا و چوار کەس کوژران .




فرانس 24:
لە رۆژئاوای فەرەنسا باوبۆرانی میگیل بووە هۆی کوژرانی 3کەس .



کەنالی ئارتی:
لە کازاخستان پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پێشوەخت دەستی پێکرد.

ئەم چوارشەممەیە هەسارەی JUPITER دەبێتە میوانێکی گەشی ئاسمانی کوردستان



رۆژی چوارشەممەی، 2019.6.12، پسپۆڕان و ئارەزوومەندانی فەلەکناسی لە سەرتاپای جیهاندا لە چاوەڕوانی گەیشتنی هەسارەکەمانن بە یەکێ لە خاڵە هەرە کەمویّنەکان لەبۆشایی ئاسمانی نێو سیستەمی خۆردا، ئەویش بریتییە لە نزیکترین خاڵ لەنێوان خۆی و هەسارەی (موشتەری – Ju-piter) ی گەورەترین هەسارەکانی نێو سیستەمی خۆر، کە ئەمەش دەبێتە هەلێکی زێڕین بۆ روانگەکردن و گرتنی وێنەی فۆتۆگرافی کەمویّنە لە ڕێگەی تلسکۆپ و کامێراکان.

پێش دیاردەکە، زەبەلاحی سیستەمی خۆر بناسە

هەسارەی (موشتەری) گەورەترین هەسارەکانی نێو سیستەمی خۆرەو بریتییە لە بارستەیەکی گازیی – سەهۆڵیی بەستووی زەبەلاح، واتە پێکهاتەکەی بەردینی (کەڤریی) نییە وەکو (عوتاردو زوهرەو زەوی و مەریخ) و لە ڕیزبەندی دووریش لە خۆرەوە، پێنجەمین هەسارەیە.

بارستایی (موشتەری) بە تەنها 2.5جار ئەوەندەی بارستایی گشتیی هەر هەموو هەسارەکانی نێو سیستەمی خۆرە بە کۆکراوەیی و پسپۆڕانی فەلەکناسی دەڵێن، ئەگەر هاتوو بارستایی هەسارەی (موشتەری) لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خەڵقبوونیدا 70 جار ئەوەندەی بارستایی ئێستای بووایە، ئەوا ئەویش لەتەک خۆر دەبووە ئەستێرەیەکی دیکە، واتە، سیستەمی خۆر خاوەنی دوو ئەستێرە دەبوو!

دوورترین خاڵی لە خۆر دەگاتە 816 ملیۆن و 620 هەزار کیلۆمەترو نزیکترین خاڵیش دەگاتە 740 ملیۆن و 520هەزار کیلۆمەترو نێوندی دوورییەکەشی لە خۆر دەگاتە 778 ملیۆن و 500 هەزار کیلۆمەتر.

تیرەی 139هەزارو 820 کیلۆمەترە، واتە، 11جار ئەوەندەی تیرەی هەسارەی زەوییە، بارستاییەکەشی 317.8جار ئەوەندەی بارستایی زەوی و 1 لەسەر 1047ی بەشی بارستایی خۆر دەبێت و نێوەندی چڕییەکەی 1,326کیلۆگرام/ سانتیمەتر سێجار قەبارەکەشی 1300 جار لە زەوی گەورەترە، واتە ئەگەر ناوەوەی هەسارەکە لە مادەکەی بەتاڵ بکرێت، ئەوا 1300 گۆی وەکو گۆی زەوی تیایدا جێگای دەبێتەوە، هەروەها، پێوانەی ڕووبەری هەسارەی موشتەری دەگاتە 61 ملیارو 420 ملیۆن کیلۆمەتر دووجا، واتە، 121.9جار ئەوەندەی پێوانەی ڕووبەری زەوییە.

خێرایی خولانەوەی دەگاتە 43000 کیلۆمەتر لەیەک کاتژمێردا، کە ئەمەش خێراییەکی یەگجار زۆرە بۆ هەسارەیەکی ئاوا مەزن، بۆیە، لەماوەی 9 کاتژمێرو 50 خولەکدا، خولێک بە دەوری تەوەری خۆیدا تەواو دەکات و بە خێرایی 13.07کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا لەسەر خولگەکەیدا بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە، بۆیە لەماوەی 11.86 ساڵدا خولێک بە دەوری خۆردا تەواودەکات.

هەسارەی (موشتەری) بە چینی یەگجار زۆر چڕوپڕی گازە ژەهراوی و مەترسیدارەکان لەسەر شێوەی هەوری گێژەڵوکەیی زۆر توند و خێراو لە هەمان کاتدا زۆر نامۆ چڕوپڕ دەوردراوەو ئەستوورایەکی دەگاتە نزیکەی 50کیلۆمەتر، ئا ئەم چینە هەورە هەرگیز ڕێگە نادات ڕاستەوخۆ ڕووی هەسارەی (موشتەری) ببینین، وە لە ڕووی کیمیاییەوە، پێکهاتەی بەرگەهەوایەکەی لەم گازانەی پێکهاتووە: هایدرۆجین 89%و هیلیۆم 10%و میسان 0.3%و ئامۆنیا 0.026%و دیۆتریدی هایدرۆجین 0.0028%و ئیسان 0.0006%و هەڵمی ئاو 0.0004%و سەهۆڵی ڕووەکەشی لە گازی بەستووی (ئامۆنیاو ئاوو هایدرۆسۆلفیدی ئامۆنیۆم) پێکهاتووە.

(پەلەی مەزنی سوور – The-Great Red Spot) یەکێکە لە ناودارترین سیماکانی ئەو هەسارەیەو لە ڕاستیدا بریتییە لە گێژەلوکەیەکی زۆر گەورەو دەکەوێتە نێو ئاسمانی نیوەگۆی باشوور بە تیرەی 24000کیلۆمەترو ئەستوورایی 12تا 14کیلۆمەتر، واتە 2تا 3گۆی وەک زەوی لەنێو ئەو گێژەلوکەیەدا جێگای دەبێتەوە.

ئەم پەلە سوورە مەزنە لەسالی 1656ی میلادی لە ڕێگەی فەلەکناسی (ئیتالی) (جیۆڤانی کاسینی) بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی تلسکۆپەکەی بینرا، واتە ماوەی 350 ساڵە تا ئێستاش هەروا ماوەو چالاکەو دەبینرێت.

هەسارەی (موشتەری) خاوەن کایەیەکی موگناتیسی یەگجار زۆر بەهێزە کە 14جار بەهێزترە لەو کایە موگناتیسییەی دەوری زەوی داوە، بۆیە دیاردەی ناسراو بە (شەفەقی پۆلیی – Aurora) بەشێوەیەکی یەگجار زۆر بەهێزو فراوان لە جەمسەرەکانی ئەو هەسارەیەدا بینراوە، وەک چۆن لە ئاسمانی هەردوو ناوچە جەمسەرییەکانی هەسارەکەماندا دەبینرێن.

تاوەکو ئێستا 7کەشتی ئاسمانی بێ مرۆیی لەو هەسارەیەدا نزیک کەوتوونەتەوە، یەکەمیان (پایۆنیر 10)بوو لە کانوونی یەکەمی 1973، پاشان (پایۆنیر 11) لە کانوونی یەکەمی 1974، ئینجا هەردوو کەشتی ئاسمانیی (ڤۆیاجەر 1و 2) لە ساڵی 1979، پاشان لە شوباتی 1992لە ڕێگەی کەشتی ئاسمانیی (یولیسیس) و (گالیلیۆ) لە 1995و نزیک کەوتنەوەی کەشتی ئاسمانیی (کاسینی – هایگینز) لە ساڵی 2000کە تایبەت بوو بە هەسارەی (زوحەل) و کەشتی ئاسمانیی (نیوهۆرایزنس) لە 2007 کە ئەمەشیان تایبەت بوو بە هەسارەی بچوومی (پلوتۆ) و ئینجا کەشتی ئاسمانی (جونۆ) کە تایبەتە بە هەسارەی (موشتەری) و لە 2016.7.5وە تاوەکو ئێستا بە دەوریدا دەخولێتەوەو وێنەی سەرسامکارو داتای بێ وێنە ڕەوانە دەکاتەوە.

لەبەر ماوەی یەگجار زۆر دووری لە خۆرەوە بوونی چینێکی چڕوپڕی هەوری گازەکان لەنێو بەرگەهەوایدا، وە بە پشت بەستن بە پێوانەکانی کەشتییەکانی ئاسمانی (ڤۆیاجەر 2) و (گالیلیۆ) و (جونۆ) دەرکەوتووە کەوا نزمترین پلەی گەرمیی ڕووەکەی دەگاتە 161پلە لە ژێر سفری سیلیزیی و بەرزترین پلەش دەگاتە 108 لە ژێر سفری سیلیزیی.

لەتەک (زوحەل و ئۆرانۆس و نیپتۆن)، هەسارەی (موشتەری) پش خاوەن سیستەمێکی ئەڵقەیی خۆیتی کە ناسراوە بە (سیستەمی ئەڵقەی موشتەری) و بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1979و لە ڕێگەی کەشتی ئاسمانیی (ڤۆیاجەر 1)دا هەستی بە بوونی کرابوو، بەڵام لە نەوتەکانی سەدەی ڕابردوو و لە ڕێگەی کەشتی ئاسمانیی (گالیلیۆ) وە زۆر بە وردیی لێی کۆڵرایەوەو پاشان لە ڕێگەی (تلسکۆپی ئاسمانیی هابل) دڕێژە بەو لێکۆڵینەوانە دران، بەمەش (سیستەمی ئەڵقەیی موشتەری) زیاتر دەرکەوت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆر تاریکترە بە بەراورد لەگەڵ سیستەمی ئەڵقەیی ڕووناکی هەسارەی (زوحەل) و لە تۆزوخۆڵ پێکهاتووەو بریتین لە:

(ئەڵقەی خەرمانە) بە تیرەی 122 هەزارو 500 کیلۆمەترو ئەستوورایی 12 هەزارو 500 مەتر.

(ئەڵقەی سەرەکیی) بە تیرەی 129 هەزار کیلۆمەترو ئەستوورایی نێوان 30 تا 300 مەتر.

(ئەڵقەی ئامالسیا) ی تەنک بە تیرەی نێوان 129تا 182هەزار کیلۆمەترو ئەستوورایی 2000کیلۆمەتر.

(ئەڵقەی تاریکی سیپی) بەتیرەی نێوان 129 تا 226 هەزار کیلۆمەترو ئەستوورایی 8400 کیلۆمەتر.

کەی و چۆن نزیککەوتنەوەکە ڕوودەدات؟

پێوانە فەلەکییە هەرە وردەکان ئاماژەدەدن بە نزیک کەوتنەوەیەکی میژوویی لەنێوان هەسارکەمان و هەسارەی مەزنی (موشتەری) دوای گەیشتنمان بە خولگەیەکی نزیک لە خولگەی ئەو هەسارەیە لە ڕۆژی دووشەمە، بەروواری 2019.6.10، بەڵام لە کاتژمێر 06:00 بەیانی بەکاتی هەولێر لە ڕۆژی چوارشەمە، بەروواری 2019.6.12نزیکترین خاڵی نێوانمان تۆمار دەکرێت و ئەوکاتە دووریی ئەو هەسارەی زەبەلاحە دەگاتە سنووری 641ملیۆن کیلۆمەتر، لە کاتێکدا دووترین ماوەی نێوانمان دەگاتە 968ملیۆن کیلۆمەتر، ئەوکاتەی هەردوو لا دەکەونە لای پێچەوانەی یەکدی و خۆرێش دەکەوێتە ناوەڕاستیان.

ئێستا، ڕۆژ دوای ڕۆژ، هەسارەی زەوی لە خۆر دوور دەکەوێتەوەو بە پێچەوانەوە، هەسارەی (موشتەری) لە خۆر نزیکتر دەکەوێتەوە، بەڵام لە 2019.6.12 هەردوو هەسارەکە نزیکترین خاڵی پێککەوتن تۆمار دەکەن، بە شێوەیەک هەسارەکەمان دەکەوێتە نێوان خۆرو هەسارەی موشتەری.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەمجۆرە دیاردانە ناسراون بە (پێککەوتن – Op-position)، کە تیایدا زەوی و هەسارەیەکی دەرەکی، واتە ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی خولگەی زەوی کە بریتین لە (مەریخ و موشتەری و زوحەل و ئۆرانۆس و نیپتۆن) دەکەونە سەر یەک ڕاستەهێڵ بەشێوەیەک هەردەم زەوی دەکەوێتە نێوان خۆر و ئەو هەسارەیە، بۆیە، دەبینین ئەو هەسارەیە بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و گەش و دوور لە کارتێکردنی گۆی گەرمیی خۆر لە ڕوونی و وردەکارییەکانی دیمەنی ئەو هەسارانە، چونکە ئەوکاتە، ئەو هەسارانە دەکەونە ئاراستەکەی دیکەی دوور لە خۆرو تیشک و گەرمییەکەی.

ئاشکرایە کەوا هەسارەی (موشتەری) بە ماوەی 11.86ساڵ ئینجا خولێک بە دەوری خۆردا تەواو دەکات، بەو پێیە، لە بەروواری 2017.2.18 هەسارەی ناوبراو گەیشتووە (دوورترین خاڵ -Aphelion) لە خۆر، بەڵام لە 2023.1.25دا دەگاتە نزیکترین خاڵ لە خۆر، بەڵام لە بەرامبەردا، وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا، هەسارەکەمان لە کانوونی یەکەمی هەمو ساڵێک دەگاتە نزیکترین خاڵ لە خۆرەوە، بەروواری 2019.6.10، بەڵام لە هەسارەکەمان ڕۆژ دوای ڕۆژ لە خۆر دوورەدەکەوێتەوەو تا 2019.6.21 دەگاتە دوورترین خاڵ لە خۆر

چۆن ئەم هەسارەیە لە ئاسمانی هەرێمدا بدۆزینەوەو ڕوانگەی بکەین؟

دوای کاتژمێر 7ی ئێوارە بە کاتی (هەولێر) و بە ئاڕاستەی باشووری ڕۆژهەڵاتدا، خاڵێکی گەش و ڕووناکی ڕەنگ زەردی کراوە دەکەوێتە بەرچاوی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بە جۆرێک، جگە لە مانگ، لە هەموو تەنەکانی ئاسمان گەشترەو بەدرێژایی شەو و بە ئاراستەی باشوور تا باشووری ڕۆژئاوا لە ئاسماندا دەمێنێتەوە، وە لە کاتژمێر 04:45ی بەرەبەیاندا لە ئاسۆی باشووری ڕۆژئاوادا ئاوا دەبێت.

سەرەڕای نزیک کەوتنەوەی هەسارەی (موشتەری) لێمان و سەرەڕای قەبارە مەزنەکەی، بەڵام بێگومان، مەحاڵە هەسارەی موشتەری وەک گۆی مانگ یان بچووکتر لە ئاسماندا دەرکەوێ، بەڵکو تەنها وەک خاڵێکی زۆر ڕووناکی سەرنجڕاکێش دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی دڵخۆشکارە ئەوەیە کەوا هاوڵاتیان بە بەکارهێنانی دووربینێکی دووچاوی ئاسایی و بەهێزی گەورەکردنی X10 و لە ڕێگەی تلسکۆپێکی بچووک، بەڵام لەگەڵ بوونی هاوێنەیی یان ئاوێنەیی ڕووچاڵی خاوەن کوالیتی باشدا، دەتوانن ئەو خاڵە لەسەر شێوەی (گۆیەکی زۆر بچووک) ببینن و لە دەوری ئەو هەسارەیەدا دەخولێنەوە.

لە ڕێگەی بەکارهێنانی تلسکۆپێکی مام ناوەند یان گەورە، ئەوا دیمەنێکی زۆر جوانترو سەرنجڕاکێشتر دەبینرێ، بە تایبەتی پڕێنە تاریک و ڕوناکەکان و (پەلە سوورە مەزنەکە) ی ئەو هەسارەیەش بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەبینرێت.

بۆ زانیاری ئێوەی خۆشەویست، ئەو هەسارەیە چ ئێستا یان لە بەرواری 12 ی ئەم مانگەو بگرە تا کۆتایی تەمووزیش، هەر وەکو خاڵێکی گەش و ڕووناکی سەرنجڕاکێش بە درێژایی شەو لە لە ئاسمانی باشووردا دەبینرێت.

ئایا هیچ کاریگەریی هەیە لەسەر ژیان و بوارەکانی گەیاندن و تێکنۆلۆژیا؟

زۆرجار لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی نزیک کەوتنەوە، یان بەیەکگەیشتنی نێوان زەوی و هەسارەیەکی دیکە، پڕوپاگندەی زۆر سەیرو سەمەرەی دوور لە ڕاستی و بێ بوونی هیچ جۆرە بنەمایەکی زانستیی لەنێو چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بینراوو بیستراوو خوێندراوی نێو هەرێمی کوردستان و دەرەوەشیدا بڵاودەبێتەوە، وەک ئەوەی چەند ساڵێک پێش ئێستا لەکاتی بەیەکگەیشتنی هەسارەی زەوی و (مەریخ) دا بڵاوبۆوە، گوایە، ئەو دیاردەیە کاریگەری خۆی هەیەو گوایە تیشک و هێزی کێشکردنی ئەو هەسارەیە دەبێتە هۆی نانەوەی مەترسییەکی زۆر لەسەر ڕووی زەوی، بە تایبەتی لەکاتی بەکارهێنانی (مۆبایل) دا! یان سەرهەڵدانی گۆڕانکاریی لە ناکاوی کەش و هەوایی و ڕوودانی بوومەلەرزەو لافاو کارەساتی دیکەی سروشتی، کە بێگومان سەرجەم ئەو پڕوپاگندانە بەهیچ شێوەیەک ڕێچکۆکەیەکیشی نییە بۆ ڕاستی و دروستی، بەڵکو سەرجەمیان بێ بنەمان و هیچ بەڵگەیەکیان نییەو نەبووەو ناشبێت.

وەرگێڕانی: ئەڤی چەتۆ حەسەن
سەرچاوەکان:
سایتی NASA و ویکیپیدیا

لە هەولێر.. ڕاکردنێکی یەک میلی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو



دلێر ئیبراهیم/هەولێر

بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، ڕێکخراوی ماراسۆنی ئاشتی کوردستان بەهەماهەنگی ماجدی لاند، ڕاکردنی "یەک میل"ی نێودەوڵەتی کە چالاکییەکی وەرزشی جیهانییە، بەپاڵپشتی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی جیهانی و عێراقی، سەرکەوتووانە لە هەولێر ئەنجامدا. بە بەشداری زیاتر لە 2000 منداڵ لە سەرجەم پێکهاتەو نەتەوە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک میوانی بیانی، فیستڤاڵی خەندە و ڕاکردنی نێودەوڵەتی منداڵان سەرکەوتووانە ئەنجامدرا. فیستڤاڵەکە چەندین بڕگەی وەرزشی و هونەریی و شادی بۆ منداڵان لەخۆگرتبوو، هەروەها بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی هەموو عێراق ڕاکردنێکی خنجیلانەی نێودەوڵەتی بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی جیهانی و عێراقی بەڕێوەچوو، جگە لەمەش فیستڤاڵەکە چەندین بڕگەی هونەریی و ڕۆشنبیریی هەمەجۆری لەخۆگرتبوو، لە کۆتاییدا دیاری و خەڵات بەسەر جگەرگۆشە ئازیزەکان دابەش کرا. ئەم فیستڤاڵە بە بەشداری هونەرمەندانی بواری منداڵان نەوزادی حاجی شووشە (نونو) و گرووپی هونەری "ئای بەیبی" بەڕێوەچوو.

ئەنجامی ڕاکردنی یەک میل بۆ منداڵان بەم شێوەیە بوو:
کوڕان:
1- کاردۆس حوسێن
2- مالیک ڕەمەزان
3- کامەران عومەر
کچان:
1- ئیمان ئەحمەد
2- ساوێن سالح
3- ژیلە ئامانج

کۆتینهۆ: تیتی لە ڤالڤێردی زیاتر دەرفەتی جولەکردنم لەناو یاریگا پێدەدات

فیلیپ کۆتینهۆی یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی بەڕازیل گلەیی لە ڤالڤێردی ڕاهێنەری بەرشلۆنە دەدات بەوەی لە یارییەکان بەرشلۆنەدا شوێنی یاریکردنی سنووردارکردووە، بەپێچەوانەی تیتی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەڕازیل کە ئازادای زیاتری پێداوم.

کۆتینهۆ لەمیانی ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردەی بەڕازیل بۆ کوپا ئەمریکا کە شەممەی داهاتوو بەڕێوەدەچێت گوتی: لەهەموو ئەو یارییانەی لەگەڵ بەرشلۆنەدا یاری دەکەم هەموو جار کۆتینهۆ ئەوەم لێ دووپات دەکاتەوە کە زۆر نەگەڕێمەوە دواوە و شوێنی یاریکردنی لێ سنووردارکردووم، بەڵام لە هەڵبژاردەی بەڕازیل ئازادی جولەکردنی زیاترم پێدراوە، تیتی ڕێگای پێداوم کە بگەڕێمەوە دواوە و تەنانەت لە برگریەوە بتوانم تۆپ ببەم بۆ هێڵی پێشەوە، ئەمەش کاریگەری لە ئاستی یاریکردنم دەکات، پێویستە یاریزان ئازادی زیاتری لەناو یاریگا پێببڕێت.

پێنجشەممە هازارد وەک یاریزانی ریال دەناسێنرێت

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە پیگەی فەرمی خۆی ڕایگەیاند کە پینج شەممەی داهاتوو ئیدین هازارد بەفەرمی وەک یاریزانێکی یانەکەیان دەناسرێنێت. ڕیال مەدرید زیاتر ئاشکرای دەکات و دەڵێت: دوای ئەوەی ڕێوشوینە پزیشکییەکان بۆ ئەو یاریزانە دەگیرێتەبەر، ئەوا ڕۆژی 13ی مانگ لە یاریگای سانتیاگۆ بێرنابیۆ لە ڕێورەسمیکدا هازارد وەک یاریزانێکی ریال مەدرید دەناسرێنرێت.

FOX: ڤالڤێردی باشترین ڕاهێنەر لە جیهان

گۆڤاری فۆکسی ئەمریکی ئیرنستۆ ڤالڤێردی وەک باشترین ڕاهێنەری جیهان بۆ ساڵی 2019 دەستنیشانکرد، ئەم دەستنیشانکردنەش دەنگۆی زۆری لێکەوتەوە و بووە مایەی گلەیی و سەرنجی هەمووان بەتایبەتیش لەوەی کە یۆرگن کلۆپ نازناوی چامپیۆنزلیگی بەدستهێناوە کەچی لە پلەی چوارەم هات.

بەپێی ئەو پۆلینەی گۆڤاری ناوبراو لیستی ڕاهێنەران بەمشێوەیە بوو:
ڤلڤێردی (بەرشلۆنە) پلەی یەکەم
گالاردۆ (ڕیڤەرپلێت) پلەی دووەم
گواردیۆلا (مان سیتی) پلەی سییەم
کلۆپ (لیڤەرپوول) پلەی چوارەم
مارسلینۆ (ڤالانسیا) پلەی پینجەم

کاکا: ڤان دایک شایستەی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانە

کاکای ئەفسانەی تۆپی پێی بەڕازیل ئاشکرای کرد کە ئەو دەخوازێ ڤێرگل ڤان دایکی بەرگریکاری یانەی لیڤەرپوول خەڵاتی باشترین یاریزانی تۆپی پێی جیهانی بۆ ئەمساڵ بەدەست بهێنێت، ئەگەرچی لەهەمان کاتیش چەندین ئەستێرەی دیکەی وەک محەمەد سەڵاح و سادیۆ مانی و ڕۆنالدۆ و مێسی وجودیان هەیە. لە میانی لێدوانێکیدا بۆ سکای سپۆرتی ئیتاڵی کاکا گوتی: دەبینین لە داهاتوودا چی دەگوزەرێ، ئایا تۆپی زێڕین دەدرێتە ڤان دایک؟ لەگەڵ هاوڕێ و برایەکەم گفتوگۆیەکی زۆرمان لەسەر ئەم بابەتە کرد، پێمان وایە ڤان دایک لەهەمووان شایستەترە، لەبەر ئەوەی ئەو یاریزانە ئاستێکی زۆر باشی لە خولی ئینگلیزی پێشکەش کرد، نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی بەدەستهێنا، با بینین لیژنە چ بڕیارێک دەدات؟ پێم وایە ئێستا کاتی ئەوەیە پاداشتی بەرگریکارەکان بدەینەوە.

ئاشلی بارتی بووە پاڵەوانی ڕۆلان گارۆسی فەڕەنسی

ئاشلی بارتی کچە تێنسزانی ئوستڕالی توانی نازناوی ڕۆلان گارۆسی کراوەی فەرەنسی بۆ تێنس بەدەست بهێنێت، کە دووەم گەورەترین پاڵەوانێتی گراندسلامە. ئاشلی توانی لە یاری کۆتایيدا لە مارکیتا فۆندۆرسۆڤای هاونیشتمانیەکەی بە ئەنجامی 1-6و 3-6لێی بباتەوە، بەمەش ئاشلی یەکەمین کچە تێنسزانی ئوستڕالیە نازناوی ڕۆلان گارۆس بەدەست بهێنێت، کە پێشتر لە ساڵی 1973 مارگریت کۆرت بەدەستی هێنابوو. بەم بردنەوەیەش چاوەڕوان دەکرێت ئاشلی پۆلینی دووەمی جیهانی بگرێت کە ئەمڕۆ دووشەمە ڕادەگەیەندرێت، کە ئەمەش دەبێتە بەرزترین پۆلینی ئوستڕالی لەدوای جۆلاجۆنگ لە ساڵی 1976.




KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net
خەبات XEBAT
Mon, 10. Jun. 2019 No: (5764)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمرو دووشەمەیەک دەبنووسێت

جادەی ئیسکان لە یادەوەری مندا شوێنێکی تایبەتی هەیە، لەسەرەتای چوونە ناو دنیای نووسین و ئەدەب، لەو جادەیەدا لەگەڵ هاورێیانم مەسعود پەرێشان و سابیر رەشید، نووسینەکانمان بۆ یەکتر دەخوێندەوە و کتێبمان ئالوگۆڕ دەکرد.

بەم دواییانە، فرە بەوە دڵشاد بووم، کە پارێزگاری هەولێر، ئەو جادەیەی بەجوانی نووژەن کردەوە و سیمایەکی هاوچەرخانەی پێبەخشی، بەڵام داخی گرانم ئەو دڵخۆشییەم بووبە خەم، سبەینان بەو جادەیەدا دەڕۆم، لەبەردەم هەر چێشتخانە و چایخانە و دوکانێک، سەدان بوتڵە ئاوی بە تاڵ و پاشماوەی برنج و مەردگە و قونکە سەموون و پارچە نان کەڵەکە کراون، شۆستەکان، ئاوێکی ڕەشیان پێدا دەڕوات، ئەو ناوە بۆگەن بووە.

کرێکارانی شارەوانی و زبڵ ڕێژەکان، ئەزیەتێکی زۆر بە خاوێنکردنەوەی ئەو جادەیەوە دەبینن، ئەو بەستەزمانانە قل قل ئەو بوتڵە ئاوانە خڕ دەکەنەوە، پاشماوەی برنج و بتڵ بە دەستی دەخەنە ناو عەللاگەوە.

دەکرێت بپرسین:

- کێ لەمە بەرپرسیارە.

من وەرامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە و دەڵێم:

- پێشی هەموان خاوەن چێشتخانە و چایخانە و دوکانداڕەکان، ئینجا ئەو هاوڵاتیانەی هاتووچۆی ئەوێ دەکەن، دەوڵەت چەندان ئۆتۆمبیل و کارمەندی بۆ خاوێنکردنەوەی ئەو جادەیە تەرخانکردووە، خۆ دەکرێت خاوەن بەرژەوەندیەکان حاویە و عەللاگەی گەورە دابێن بکەن، بەر لەوەی شارەوانی بێت ئەوان زبڵەکە ئامادەبکەن.

نازانم وا دەکەن یان نا؟

لە 80٪ ی گۆرانی کلاسیکی کوردی لایە

ئیبراهیم خورماڵی 42 ساڵە سەرقاڵی ئەرشیفکردنی گۆرانی کلاسیکی کوردییە



خورماڵ: عەلی بانیشاری

ئیبراهیم عەلی سابیر، ناسراو بە ئیبراهیم خورماڵی لەدایکبووی ساڵی 1969ی شارۆچکەی خورماڵی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە. ئەو لە ڕێگەی ئەرشیفە کۆنەکەیەوە کە پێکهاتووە لە گۆرانی و هۆنراوە و ئەدەب و چیرۆک و دراماى کوردی سەدان کەسی لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە و لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکیشەوە ڕۆژانە چەندین کەس لە هەر چوار پارچەی کوردستان پەیوەندی پێوە دەکەن و دەستخۆشی لێدەکەن. خورماڵی وەکو خۆی دەڵێت" باوکی ئاشقی گۆرانی کلاسیکی کوردی بووە و ئەوەیش چاوی لەو کردووە".

ناوبراو شەوانە لە ڕێگەی ئەکەونتی فەیسبوکەکەیەوە گۆرانییە کۆنەکان بۆ هەوادارانی پەخش دەکات و دەیان بیرەوەری دێنێتەوە یادیان.ئیبراهیم خورماڵی دەڵێ" باوکم ئاشقی گۆرانی کوردی بوو، ڕادیۆیەکی هەبوو، منیش لە پاڵیدا دادەنیشتم و لەگەڵ ئەودا گوێم بۆ ئەو گۆرانیانە دەگرێت، هەر ئەوە وایکرد منیش ئارەزوویەکی زۆرم بۆ گۆرانی کلاسیکی کوردی بۆ دروست بێت". دەشڵێت" لە 1977بۆ یەکەمجار کاسێتێکی هونەرمەند حەسەن زیرەکم لە سلێمانێ کڕی کە لە ساڵی 1953لە بەغدا تۆماریکردبوو، ئەو کاسێتەی زیرەک بووە بناغەیەک بۆ دانانی ئەم ئەرشیفەی ئێستام و تائێستاش ئەو کاسێتەم لای خۆم پاراستووە".

ئەرشیفەکەی ئیبراهیم خورماڵی پێکهاتووە لە سێ بەش. بەشی یەکەم: گۆرانی و مۆزیکی کلاسیکی کوردی. بەشێ دووەم: چیرۆک و دراماى کوردی ساڵانی 1970-1980.بەشی سێیەم: هۆنراوە و ئەدەبی کوردی. ئەو دەڵێت" کاتی خۆی ئەو گۆرانییە کوردیانەی لە ڕادیۆی سنە و کرماشانەوە پەخش دەکرا من لای خۆم تۆمارم دەکرد". دەشڵێت" کاری من زیاتر لەسەر کاسێتەتە، چونکە کاسێت پارێزراوترە و تا ساڵانێکی زۆر دەمێنێتەوە".

خورماڵی لەئێستادا گۆرانییە کۆنەکان لە کاسێتەوە دەکاتە ئیم پی سێ و پاشان دەیگوازێتەوە سەر هارد. وەکو خۆی دەڵێت" نزیکەی دوو هەزار گۆرانیم تائیستا گواستووەتەوە سەر هارد، بۆ ئەوەی کاسێتەتەکان زیاتر ماندوو نەبن". دەشڵێت" بەشێکی زۆری گۆرانییە کوردییەکان خۆم کڕیومە و بەشێکی کەمی بە دیاری بۆم هاتووە". گوتیشی"سەرجەمی کاسێتەتکان نوسخەی ئەسڵین".

سەبارەت بە هاوکاریکردنی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و پێدانی گۆرانی پێیان؟ ئیبراهیم خورماڵی دەڵێ" بەشێک لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان سوویان لە گۆرانی و دراما کوردییەکانی من بینووە".

ناوبراو لەئێستادا خاوەنی نزیکەی 4500 کاسێتە. وەسیەتیشی کردووە پاش خۆی ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی بەکەسێکی دڵسۆزی هونەر بسپێردرێت. وەکو خۆی دەڵێ" ئەرشیفەکەم سامانی نەتەوەیە و زۆر بەنرخە، نابێت پاش خۆم لەناوبچێت". ئەرشیفەکەی ئیبراهیم خورماڵی لەناو ماڵەکەی خۆیدایە لە شارۆچکەی خورمال و ژوورێکی 5*4ی بۆ تەرخانکردووە. ئەو گوتی" ئەندامانی خێزانەکەم زۆر هاوکاریم دەکەن".

سەبارەت بە هاوکاریکردنیشی لەلایەن حکوومەتەوە؟ ناوبراو دەڵێت" پەداخەوە تائێستا هیچ جۆرە هاوکارییەک نەکراو، تەنها دڵم بەوە خۆشە کە خەڵکانێکی زۆر دەستخۆشیم لێدەکەن و هانم دەدەن بۆ ئەوەی بەردەوام بم لەسەر ئەو کارەی دەستم داوەتێ". بەشێکی ئەرشیفەکەی ئیبراهیم خورماڵی لە دراما کوردییەکان پێکهاتووە، لەو بارەیەوە دەڵێ" نزیکەی 90 دراماى ساڵانی 1970-1980ی بی لۆگۆم هەیە، دراماکانی 1970ڕەش و سپین، بەڵام ئەوانەی 1980 بەدواوە سەرجەمیان ڕەنگا و ڕەنگن.

خورماڵی باس لەوەشدەکات ئەو گۆرانیانەی کە ئەرشیفی کردوون هەموو جۆرە زاراوەیەکی تێدایە و جیاوازی لە نێوان ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان لە ئەرشیفکردندا نەکردووە. لە کۆتایی دیمانەکەیدا لەگەڵ (خەبات) ئیبراهیم خورماڵی گوتی" هەر هونەرمەندێکی ئێستا ئەگەر گۆرانی کۆن بڵێتەوە، یان مۆرکێکی ڕەسەن و کلاسیکی پێوە دیار بێت بێگومان ئەرشیفی دەکەم، بۆ ئەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو هێنێتەوە". گوتیشی" لە 80% ی گۆرانی کلاسیکی کوردی لای منە، تەموحی ئەوەم هەیە لە داهاتوودا بیکەمە "100%



هێرۆ..
جەژنانەی هەبوو

وریشە عومەر: هونەرمەندی گۆرانیبێژ هێرۆ یەکێک لە گۆرانییەکانی هونەرمەند نەجمەدینی غولامی بە ستایلێکی جیاواز دەڵێتەوە بەناوی "قژی نەرمت.ئەوهونەرمەندە لە پەڕی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی ئینیستاگرام باسی نوێترین کاری هونەری خۆیکردووە، کە گۆرانییەکە بەناوی (قژی نەرمت) یەکێکە لە گۆرانییە دیارەکانی هونەرمەندی گۆرانیبێژ نەجمەدینی غولامی.هێرۆ نووسیوویەتی : سوپاس بۆ مامۆستا نەجمەدینی غولامی کە ڕێگەی داین بۆ دووبارە گوتنەوەی ئەم گۆرانیە جوانەی، ئاشکراشی کردووە لە جەژنی ڕەمەزاندا گۆرانییەکەی بڵاوکردۆتەوە و کردییە دیاری جەژن بۆهەوادارانی، هێرۆ خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەیەکە سەرقاڵی کاری هونەرییە.


میران عەلی: هەولێریشم وەک سلێمانی خۆشەوێت



تڤانا زرار

گۆرانیبێژی لاو میران عەلی، تازەترین کلیپی خۆی بۆ شاری هەولێر لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاوەدەکاتەوە.میران عەلی گۆرانیبێژ باس لەم بەرهەمە هونەرییەی دەکات کەبۆ شاری هەولێر بڵاوی دەکاتەوە، ئەم بەرهەمە نوێیەی گۆرانی "هەولێر"ە، تێکستەکەی لەلایەن نەورەس عەبدوڵڵا نوسراوە و میلۆدییەکەشی ئارش عوسمان داینا‌وە.هەروەها سیامەک فەقێزادەش کاری میکس و ماستەرینگی بۆ گۆرانی هەولێری میران عەلی کردووە. کارەکانیش لە ستۆدیۆی ئەکتیف بۆکراوە.

میران عەلی ئاماژە بەوەدەدات جیاوازی لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا ناکات ، دەڵێت هەولێریشم وەک سلێمانی خۆشەوێت و خۆشەویستی بۆ ئەو شارە بەهۆی خەڵکەکەیەتی کە زۆر گەرم وگوڕن لەگەڵیدا و زۆر خۆشیان دەوێت، هەربۆیە حەزیکردووە هیچ نەبێت شتێکی بچووک و سادەیان پێشکەش بکات کە لەئاست خۆشەویستی خەڵکی ئەو شارەدا بێت و شایەنی ئەو خۆشەویستییەی ئەوان بێت.میران عەلی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری سلێمانییە، سەرەتای کاری هونەریی دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریکردنی لە پڕۆگرامی "خۆشترین دەنگ"و چەندین بەرهەمی تایبەت بە خۆی هەیە، لەگەڵ کلیپی دوێت، خاوەنی هەوادارێکی زۆرە و گۆرانییەکانی بینەرێکی زۆریان هەیە.



یەکێتیی ئەورووپا هەشت ناوەندی کۆمپیوتەری بااڵ دادەمەزرێنێت

یەکێتیی ئەورووپا بەمەبەستی پشتیوانییکردن لە هەریەک لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە، پیشەسازیی و بەڕێوەبردن، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ لە هەشت وڵاتی جیاوازی یەکێتییەکە ژمارەیەک ناوەندی کۆمپیوتەری بااڵ دادەمەزرێنێت.کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا بڵاویکردەوە کە لە هەشت وڵاتی یەکێتییەکە ژمارەیەک ناوەندی کۆمپیوتەری بااڵ دادەمەزرێنرێت. بەم پێیەش تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ لە بولگاریا، چیک، فینلەندا، ئیتاڵیا، پرتوگال، سلۆڤینیا، ئیسپانیا و لوکسەمبۆرگ، ناوەندی کۆمپیوتەری بااڵ دادەمەزرێنرێت. بڕی ٨٤٠ ملیۆن یورۆ بۆ دامەزراندنی ناوەندەکان تەرخان کراوە و کاری لە بوارەکانی دەرمان، دیزاین، بایۆتەکنداریاری، پێشبینی و گۆڕانی کەشوهەوا تێدا دەکرێت.

ناوەندی کۆمپیوتەری بااڵ بە تایبەت لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیی، تاقیکردنەوەکان و حساباتە زۆر ئاڵۆزەکاندا بەکاردەهێنرێت.

سەرۆکی ئەمەریکا
ژنێک ڕەوانەی سەر مانگ دەکات



بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی The Sun چونی یەکەم ژن بۆ سەر مانگ لەماوەی پێنج ساڵی ئایندەدا جێبەجێ دەکرێت ئەمەش لەسەر داوای دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا بۆ زیادکردنی تێچوەکانی ئاژانسی فرۆکەوانی و فەزایی ئەمریکا "ناسا" بەبڕی ١,٦ ملیار دۆلار. ئەمەش لەپێناو وەفاداری و ئامانجی بەپەلەی ئاژانسی ناسایە بۆ گەڕانەوەی ئەمریکییەکان بۆ سەر مانگ لەگەڵ هاتنی ٢٠٢٤ دا. ئەم پرۆژەیە ناوی نراوە "ئارتمیس"ە کەناوی خوشکی دوانەی "ئەپۆلۆ"یە و لەئەفسانە یۆنانییەکانەوە وەرگیراوە. جێی باسە ئەپۆلۆ ناوی یەکەم بەرنامەی نیشتەنەوە بوو لەسەر ڕووی هەسارەی مانگ لەسااڵنی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا. ترەمپ لەتوێتێکیدا ڕایگەیاندبوو لەسەردەمی ئیدارەکەی منداوادەکەین ناسا بگەڕێتەوە سەردەمی مەزنی و شکۆمەندی و دووبارە دەگەڕێنەوە سەر مانگ و دواتر مەریخ.